مەسعوود محەمەد

# گڕوگاڵی نیوەچڵ

www.mamosta.net

مەسعوود محەمەد

گرۆگاڵی نیوەچڵ

سایتی مامۆستا www.mamosta.net

## گرۆگاڵی نیوەچڵ

### شەوی یەکەم

### دەستنووس

دوودڵیی پێ ناوێ... بڕیارێکە و داومە... کەسیشم لێ شایەد نییە... دامنا پێم نەنووسرا چش... با جارێ قەڵەمەکەم پڕ بکەم لە مەرەکەب. بە کاغەزی کلینێکس نووکەکەی سڕیەوە و سەری دوێتەکەشی داخستەوە و بردییەوە بۆ شوێنی خۆی لە چاوی کۆمۆدینەکە... ئێرەی سەلامەتترە... وەک چوێلکە چۆوە هێلانەی خۆی.

ویستی دامەزرێ، ها کاغەزم لەبیر چووە. نەختێک بیری کردەوە لە جۆری کاغەز، کامیان لەبارترە بۆ چیرۆک... لەمەوبەر چیرۆکی نەنووسی بوو، بۆیە لە تەبیاتی شارەزا نەبوو. خەیاڵێکی بە دڵدا تێپەڕی: دەفتەر بە بەریەوە هەیە بۆ چیرۆکی کورت و درێژ، هەر دەیەوێ پەڕەکانی هەڵدەیتەوە... گورج گرفتە ئەزەلیەکەی دەفتەری هاتەوە بەرچاو چۆن پەڕەکانی وەردەگەڕێنەوە سەر دەست و قەڵەم: خۆ بە وتوو دەقی ناشکێنم... چوو بۆ کاغەزی ئەرزوحاڵ، لە دوو هەنگاودا هەڵوەستی کرد: کاغەزی لووسی بێخەت دێڕی نووسینی لەسەر خوار دێتەوە، زەوق تێک دەدا... پتر فکری کردەوە: دەبێ تەرکیزم هەبێ، خەست خەست لێک بدەمەوە... ئەمە چیرۆکە خۆ گوتار و ڕەخنە نییە لێی ڕاهاتبێتم... نەخێر دێڕی خوار و خێچی سەر کاغەزی بێخەت دەست نادەن... ئەڵبوومەکە لە هەمووی باشترە، هەتا دەرفەت دەبێ کاغەزی خەتدار پەیدا دەکەم... ئەویش دەڵێی جنۆکەیە ڕۆژێک هەیە مانگێک بزرە... بازاڕم سەروبن کرد چنگم نەکەوت... عەینەن وەکوو هێلکە و گۆشت و مێوە چاوشێرکێ دەکا... مەسەلە گوتەنی بە قوزەڵقورت ڕازی دەبی ئەو پێت ڕازی نییە.

ئەلبوومی لە هۆڵەوە هێنایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی... دارای برای ڕۆژی پێشوو بردبووی بۆ کاغەزنووسین: سبەی یەکێکی دیکە، کوڕە دووی دیکە دەکڕم، بەشی هەموان دەکەن... گریمان تا دوو هەفتەی دیکە کاغەزی خەتدار چنگ نەکەوت.

کەرستەی نووسینی ڕێک خست و شوێنێکی هەڵبژارد بەرەو پەنجەرەی سەر باغچۆڵە بچووکەکەوە بێ: ئێرە چاکە هەر جارە پشوو دەدەم سەیرێکی دەرەوە دەکەم پێی دەحەسێمەوە... چاویش حەسانەوەی دەوێ، خۆ هەر مێشک ماندوو نابێ... بەڕاست بۆ شەو گڵۆپم لێ دوورە... ئەم گرفتە چۆن چار بکەم! واز لە باغچۆڵە بهێنم؟ دنیا لە خۆت وەتەنگ مەهێنە گڵۆپێکی سەییار لەسەر مێزەکە دانێ، بۆ جاری وەها نەبێ بۆچی چاکە؟ گڵۆپی هێنا خستیە سەر پلاکێکی تەنیشت دەرگاوە... گڵۆپەکەی لە لای ڕاستیەوە دانا... دەڵێن دەبێ ڕووناکی لە ڕاستەوە بۆ سەر کتێب بێت چاو پێی خۆشترە... بەڵام زووبەزوو ئەم پەندە بەتاڵ بۆوە: سێبەری دەستی دەهاتەوە سەر کاغەزکە و لێی تاریک دادەهێنا... چار نییە دەبێ گڵۆپ بەرەو ڕووم بێ... گڵۆپی ڕاکێشا بۆ ناوەندی مێزەکە... وایەرەکەی کورت بوو وەک ڕستەی جلک فووتێک لە ئەرز بەرز بۆوە... هەمم!! ڕێی هاتوچۆی بۆ دەرەوە ناخۆش کرد... باشە لە خۆم بەولاوە کەس نایەتە ئەم ژوورە ئەوی بێتیش خۆ چاوی دەبینێ... کوڕە خۆم ئاگاداری دەکەمەوە... کێ دێ؟

خۆی لەسەر کورسییەکە دامەزراند قەڵەمی بە دەستەوە گرت... لە دڵدا هەستی ئەو شۆڕەسوارەی دەکرد کە یەکەم جار دەچێتە مەیدانی شەڕ... قەڵەمی برد بۆ سەر کاغەز: نووکەکەی وەک نووکەڕم نایە سەر سنگی دوژمن... چیت لێ بنووسم؟ وا باشە خۆم لە سیاسەت نەدەم، بابەتی عادەتی زۆرە سەرێشەی تێدا نییە... باشە بیسمیللا... مەعیەن نووسەرانی دیکەش هەروەها دەست پێ دەکەن: سەرەتایەک ڕێک دەیەخن وردەوردە لەخۆوە دەتەنێتەوە... هەڵکەوت لە دەوروبەر گرێ دەدرێ و ئەوەی دەبێ دەبێ... چیرۆک وەکوو وتووێژی عادەتی دەزێتەوە و ڕچە دەبەستێ دەنا کەس لە پێشەوە هەموو چیرۆکەکە بە دڵی خۆیدا تێ ناپەڕێنێ... خۆ سنگیان لەوحەلمەحفووز نییە... دەنا وەهاشیان نەکردبێ من وەها دەکەم... یاڵڵا...

«کارەبا کوژایەوە... لەپڕ لەرزی و کوژایەوە... کوژانەوە عادەتی شەوانەی بوو... گوڵێ لە تاریکاییدا بە پێکوتە بەرەو شوێنی مۆمدانەکە...»... بۆچی گوڵێ بچێ بۆ مۆمدان؟ کەس نەبوو ئەو نەبێ؟ با ئەویان قارەمانی چیرۆک بێ... قارەمانەتی مێیینە بۆ ئەو بێ... هەل زۆرە بۆ قارەمانی دیکە... جیرانەتی... خزمایەتی... دڵداری... ناکۆکی و ئاشتی بە پێی دڵخواز پەرەی تێدا دەکرێ... چۆنێکی بمەوێ دەیانهێنم و دەیانبەم... ئەمانە لە دەست خۆمدان... هەرچی خوێنەرە دەستی چیرۆکی ناگاتێ: دەبێ ئاگام لە مەیلی خوێنەر بێ... ئەدی بۆ ئەو نانووسم؟ خوێنەری کوردیش وەک دووکانی بەکر و چوار قاڵب سابوون یان سەر بە چینایەتییە یان سەر بە قەومایەتی، کەمێکیش لە ناوەڕاستدایە... بە ئارداوێژی چینایەتی دەبێ خەڵقی ناو

چیرۆکەکە بەگژ یەکدییەوە بنێم... چاوی دەوڵەمەندێک دەبڕمە گوڵێ و شیربایییەکی قورسی لێ وەردەگرم بۆ باوکی، سەییارەیەکیش بۆ براکەی... دڵداره هەژارەکەش دەڕەتێنم بۆ نائومێدی... خەبات... حەپسخانە... گوڵێ دەمێنێتەوە: تیروپشکێی لێ دەهاوێم، خۆوتاڵع، یا بێوەفا دەردەچێ یا وەفادار... حەز بکەم خوێندنی بۆ دەکەمە بەهانەی شوو نەکردن... با جارێ گوڵێ بمێنێ. بزانم بە باری قەومایەتیدا کوێوەم دەبا... نا، من کوێوەی دەبەم... قەومایەتیەکە خەستوخۆڵ بێ بەتامترە... فەلسەفەی چینایەتی تێکەڵ ناکەم، خۆ چیرۆک چێشت نییە هەر دەبێ خوێی تێکرێ...

ڕاستەشەقامەکەی کوردایەتی بگرە و مل لێ نێ... هەموو کوردین ئازا و گوردین... هەم خاک و هەم زمان هەم مەزهەب، هەم دین... چی دیکەش، هەر ماوە ڕیزیش بە خەڵقەکە ببەستم بۆ غەزای قەنەچەلعە... سەرۆکایەتیەکە بۆ کێ بێ؟ خۆ من بە سەرۆک ناشێم! نەخێر بەم دوعایە ناڵێم ئامین... چینایەتی و قەومایەتیی زەقوزۆپ دەست نادەن بۆ چیرۆک، ئەمانە فت! دەبێ عادەتیی بۆی بچم... ڕۆژی ئەو خەڵقە لەسەر هیچە بە شەڕ دێن و ئاشت دەبنەوە، نە هوتاف لێ دەدەن و نە دروشم هەڵدەگرن و نە ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم دەچڕن، کەسیش ناڵێ چیرۆکێکی بێزەوقە یان لایەنی هونەریی کزە... حەمە و حەسەنێک بێنە دڵیان بۆ کچێک چووبێ... کچەش گوڵێ بێ... خوا باشی هێناوە: کوژانەوەی کارەبا دەمی ژوانی گوڵێ و دۆستەکەیەتی ئنجا حەمە بێ یا حەسەن لەو تاریکییەدا دەگەنە یەکدی... کە وەهای لێ هات دەبێ گوڵێ پێشتر مۆمدانەکەی شاردبێتەوە... بە برا بچووکەکەی دەڵێ مۆمێک چرایەک پەیدا بکا خۆی پێدزیلکە دەکا بەرەو دەرگای دەرەوە... نەخشەی ڕێگای خۆی لە دڵدایە چاویشی ببەستنەوە بێگرفت دەگاتە بەر دەرگە... خەڵقەکەی دیکە بەینێک چاویان لە تاریکایی ڕانایەت چ نابینن... خەتوشێرێ بکە بۆ حەمە و حەسەن کامیان دەرچوو گوڵێی لێ موبارەک بێ... ئەدی ئەگەر گوڵێ بە دڵدارێک دابین نەبێ؟ کچی وەها هەیە وەک کوڕان حەز بە زۆران دەکەن... بۆ نایەی فێڵ لە گوڵێ بکەی؟ ئەو وابزانێ حەسەن هاتووە بۆ ژوان کەچی ڕێکەوت وەها بێ حەمە لە دەرگا بێ... پلانێک دەگێڕم حەمە لە مەسەلەی حەسەن باخەبەر بکاتەوە و ئۆینێک لە حەسەن بکات و خۆی لەجیاتی ئەو بێتە ژوانی گوڵێ... خیانەتی گوڵێش ئاشکرا دەبێ...

حەسەن گیان بۆت مردم... حەسەنی چی من حەمەم هەی بێوەفای بێشەرت... گوڵێ وشک دەبێتەوە... بە نیوە مردوویی وەک مۆمیا دەیبەستێ... نانا ئەمە زۆری بێڕەحمی تێدایە... هەر مابوو کارەباش هەڵبێتەوە و بە جارێ حەیای بچێ... بێشەرتی لە کوڕان بێ عەیبترە... بێقەزابی کەی ئەمە پێی دەڵێن چیرۆک؟ کارەبا بوو بە قارەمانی نومرە یەک، گوڵێ قارەمانی

نومره دوو ئەویش بێوەفا و بێشەرت... کارەبا کوژایەوە و کارەبا هەڵبۆوە هەڵنەبۆوە هەڵدەبێتەوە... ملی وەقوتەوە... بە هەمووی دێڕێکیشم جارێ نەنووسیوە... بەخوا ئەم تەرزە سەرەتایە ڕوو لە ماڵکاولی دەکات... دەستی برد بۆ کاغەزەکە، لە ئەلبوومەکەی پچڕی و هەڵی گلۆفت... خەتێکیشی لێ سڕاوەتەوە بەڵام حەز ناکەم بە دوا خەتی سڕایەوەدا تێ هەڵچمەوە... قەدەمی خێری پێوە نییە وەک چرای کوژایەوە بەدیوومە... ویستی... دیتی زەنبیلەی لا نییە شڕەی تێ بخات... ئەویش لە هۆڵە دوانی دیکە دەکرم... لە کورسییەکەی ڕاست بۆوە بۆ لای دەرگە... تا بیری کردەوە کار لە کار ترازابوو... وایەری گڵۆپەکە کەوتە بەر هەنگاوی و زگی دا... زرینگ ترینگ... گڵۆپ وردوخاش بوو... کەتنم بە خۆم کرد چاویشم دەیدیت... بە دڵی نائارامەوە گوتی بەڵاگێڕ... خێری سەفەرەمانگ بێ... ڕەجەبەمانگیش بوو...

زەنبیلەی هێنا وردە شووشە شکاوی تێخست... لە کەلێنی ڕایەڵەکانیەوە شیشۆق ڕژانە دەرەوە... دەبوو لە کاغەزەکەیان وەرپێچم... مەرجە قتوولەیەک دابنێم لە شوێنی ئەم زەنبیلە تیتاڵتیتاڵە... دەبێ کەرستەم ڕێک بێ... چاوێکی گێڕا، لەبەر خۆیەوە بۆڵاندی: ئاوم نییە... نابێ هەر جارە ڕاکەم بۆ ئاو بۆ کفریت... چایە... پێپسی... نەخێر ئیستا چایە و کۆکا لزوومیان نییە بۆ شەو باشن... گلاس و سوراحی هێنا لە نزیک خۆیەوە بەلای دەستەچەپدا دووری دەرگاکە دای نان... سەر ئەرزەکە باشترە... قلّپ بێتەوە سەر مێزەکە شێتم دەکا... جگەرەش لە دەستەڕاستمەوە بێ بۆ دەرکێشانی لەبارترە... دەستی چەپە بەستەزمانە...

جگەرەیەکی داگیرساند... ئەم جارەیان وەکوو ڕاوکەر خۆی لە بابەتی چیرۆک دانووساند... یەخەی چ مەوزووعێک بگرم! قمێکی لە جگەرەکە دا... دووکەڵی بەرەو ناوەوەی سییەکانی هەڵمشت... ئاهـ.. ئۆخەی چەند بەلەزەتی... دووکەڵ لە لووتیەوە دوو لوولەی سەرەژێریان بەست و وەکوو هەور بە سەر مێزەکەدا تێکیان کردەوە و تەنک تەنک بڵاو دەبوونەوە... خراپ نییە ئەم دووکەڵە دەڵێی پەردەی ترنجۆکە خەیاڵ تێی بڕ دەکا بۆ ناو هاتوباتی چیرۆک... چیرۆکی بێ تەجرەبە... بەربەیار ملم لێ ناوە... کوڕە تەجرەبەی بۆ چییە! ڕۆژی وەها هەیە پیاو بایی دە کورتەچیرۆک حیکایەت هەڵدەبەستێ و درۆ لێکدی گرێ دەدا... بەخۆڕایی نییە دەڵێم درۆ زەریبەی لەسەر نییە... ئای برا فەلاکەت دەبوو زەریبەی لەسەربوایە... کێ دەیتوانی چیرۆک بنووسێ؟ خۆ جایەز نییە باسی ئەم و ئەو بکرێتە چیرۆک... مابوو حکومەت باجی درۆیانیش وەرگرێ... دەوڵەتی باجگر... چی ماوە باجی لێ وەرنەگرێ؟ زەریبەتوددەخل... زەریبەتولعیقار... زەریبەتولـ.. ئەگەر درۆی لەگەڵدا نەبێ زەریبە نیوەی داهاتی بەعزێکان دەقەپێنێ... بەڕاستی ئەم درۆیە زۆر موبارەکە... پیاو لە تەنگانەدا

دەزانیٚ چونی درۆ بەهانا دیٚ... ڕاستگۆیی فەلاکەتە... دەبوێرە لەگەڵ براتدا ڕاست کەیت... سەیر دەبوو درۆش وەکوو دووکەڵ بدیترایە... درۆی ڕەش... درێژ... قەفقەف... لوولەیی... باڵدار... ئای لە درۆی باڵدار هەر مابوو جووجەڵەش هەڵێنیٚ... ئەهئەهئەهـ... جووجەڵەی درۆ... ئنجا بۆچی هێلکە نەکا... ئەو ڕۆژە ناچار بووم درۆیەکم بە درۆیەک داپۆشی... خەڵکیش هەر وەهان، لە سەرەوە ڕاستگۆن لە ژێرەوە شتێکی دیکەن... وەک ئەم دووکەڵە خۆیان درۆپۆش دەکەن... کاشکی دەموێرا دەست لە چاوی درۆزن بنێم... درۆۆ...

لەپڕ سووتووی جگەرەکەی کەوتە سەر چەرچەفی مێزەکە... تەپڵەکی سەر کۆمۆدینی تەنیشت قەریوڵەکەی هێنا و جگەرەکەی تێدا تەکاند، سووتوەکەی سەر مێزیشی تێخست و دانیشتەوە... ئنجا با بێمەوە سەر چیرۆکەکەم... ئەریٚ لەکویٚ بووم، چیم دەگوت... بەخوا هەر خەیاڵێکی کردبێتم سراوەتەوە... ئەدی خەیاڵی هێلکە لە کوێوە دێت خۆ من زۆر حەز لە هێلکە ناکەم... ئیستە پێی ناویٚ خۆمی پێوە خەریک کەم، هێلکەیە و سپی دەچێتەوە... وا عەسر درەنگی کرد و چشم نەنووسی... ماڵی باوکم گوتار چەند حازر بە دەستیت... ڕەخنە ئاسانتریشە، ئەرکەکەی بە مل بابای ڕەخنە لیٚ گیراوە... من ماستاوی ئەو دەشڵەقێنم و ڕۆنەکەی لیٚ دەگرم... ڕەخنەگر لەسەر مەسرەفی خەڵک زماندرێژی دەکا... چیرۆکنووسین هێندە ئاسان نییە. تا پەنجەت لێی گیر دەبیٚ پێی دەویٚ، دیارە ئەو چیرۆکنووسانەش بە دەستیەوە دادەمێنن... با جگەرەیەکی دیکەی بۆ داگیرسێنم... کففف... دەنکە کفریت هەڵبوو جگەرەی پیٚ داگیرسا و دووکەڵ قەفی خوارد... کزە لە دەرگاوە سەرەژوور بەلای چەپدا تێی هەڵپێچا... یاڵڵا قارەمانێکی وەک ئەم دووکەڵە تەماوییە هەڵنێم... قارەمانی چی وا تاریک داهات و گڵۆپم نییە لە بەری بنووسم... وایەری درێژترم دەویٚ بە سەر ئەرزەوە بکشیٚ... وایەرمان هەیە بە پلاکەوە هەر دەیەویٚ گڵۆپی تێبخریٚ... سەیری دانەیەک گڵۆپ نەماوە... یەکێکی سەربان دەهێنم بەم کزە ساردە دووانی بۆ چییە... دانیشتەوە لەبەر شۆقی گڵۆپی تازەدا: خێری تێدا بوو ئەمەیان ڕووناکترە بۆ نووسین...

چاوی بڕیە کاغەزی بەردەمیەوە، دیتی چەرچەفی مێزەکە هێندەی سیسرەیەکی لیٚ ڕەش داگەڕاوە... قەیدی نییە شتی وەها هەر دەقەومیٚ: سەر مێزی عەلی چالاک لە بیست جێگە سووتاوە پەنجا لەککەی چایەشی پێوەیە. چیرۆکیش دەنووسیٚ، من جاریٚ بیسمیلا یەک شوێنیم سووتاندووە... نەختێکیش لەککەی سووتوو... ئەدی ئەم پنۆکە ڕەشە چییە؟ ئا ئا! مەرەکەبە، چەرچەف لە نووکی قەڵەمەوە هەڵی مشتووە... دەبیٚ ئەم مێزە بە کاغەزی مەرەکەبمژ ڕووپۆش بکەم... ئنجا بۆ چیرۆک... زرڕ زرڕ... با خەریکی قارەمانێک بم... زرڕ زرڕ... زیلی دەرگایە یان هی تەلەفۆن؟ زرڕ زرڕ... دەنگت بڕیٚ تەلەفۆن... دەبیٚ خامۆشی بیٚ

دەنا بیرم خەست نابێتەوە... زرڕ... ئافتاو گیان!! زرڕ زرڕ... ئافتاو... زرڕ زرڕ... ئافتاااووو... زرڕ زرڕ... بەلەعنەت بێ هەروا هەی... با بۆی هەڵستم... گورج ڕاست بۆوە... ترسی شکانی گڵۆپەکەی لەدڵدا مابوو، بەلای چەپدا بای دایەوە... تەق شەق قڵپ قڵپ... سوراحیەکەی وەرگێڕا و ئاو لە زارکیەوە بەسەر پارچە گڵاسی شکاودا تاڤگەی بەست... دەک بەزیادم نەکردی ملت هێندەی ملەقاز درێژە... قڵپ قڵپ تا چۆڕبڕ بوو... کۆمبار وشک بکەمەوە... زرڕ... یان تەلەفۆنی دوا بڕاو دەمکوت کەم... زرڕ... ڕای کرد... هەلاو کێی جەنابت؟ ئێرە ماڵی مستەفای حاجی عەزیزە... گەراجی چی و ترخێنەی چی... بەڵێ دیارە پەنجەی شەریفت لە بادانی ڕەقەم غەڵەتی کردووە... بە توندی تەلەفۆنەکەی داخست... خۆ کوێر نابن ئاگاداری پەنجەتان بن... ئافتاو... ئاااافتاو... سەیری کرد لەبەر دەرگا لەگەڵ کچی دراوسێیان تریقوهۆڕیەتی... تۆخوا وەختی پێکەنینە... لێی نزیک بۆوە بە زەحمەت خۆی بۆ گیرا... با نەیشکێنمەوە لەبەر چاوی خەڵق جارێ نەفامە... بەڵێ کاکە وا هاتم... زەحمەت نەبێ کۆمبارەکەم بۆ وشک کەوە گلاسێکی نوێشم بۆ بێنە ژوورەکەم، سوراحیەکەش پڕ کەوە و لە دوورمەوەی دانێ... ئافتاو بۆ ژوورەوە ڕۆیی...

فەرت بزر بێ چیرۆک چەند شوومی کەنگین لە نووسین ئەمەم بە سەر هاتووە... هەر دەڵێی لە فیلمی کۆمیدی دەور دەبینم، کەسیش نامبینێ پێم پێبکەنێ... خوا بزانێ منیش چ بەلایەک بەسەر خەڵقی ناو چیرۆکەکە بهێنم... بەرەو ئاودەست ڕۆیی... گەڕایەوە ژوورەکەی هەموو شتێک ڕێک خرا بۆوە. تاوێک لەسەر نوێنەکەی ڕاکشا، هێشتان لە قەهری تەلەفۆنەکەی دڵی مێرووڵەی دەکرد... هاتەوە سەر کورسییەکەی، گڵۆپ هەڵکرابوو... سێبەری نەدەخستە سەر کاغەز... ئۆخەی لە گێژەنی گڵۆپ و پەرداخ و سووتووی جگەرە دەرچووم... زرڕ زرڕ... بەخوا تا قافی قیامەت زیرەت بێ بۆت هەڵناستم... ئافتاو لێتەوە نزیکە... کاکە تۆیان دەوێ (ئافتاو دەستی نەخستبوە سەر دەمی تەلەفۆنەکە)... خوشکم بڵێ کاکم لە ماڵەوە نییە... هەلاو، کاکم لە دەرەوەیە... چی... ئاخر... نابەخوا... ئەیرۆ درۆی چی... درۆی لێ سپی بووبۆوە و بۆی هەڵنەدەبەسترایەوە... ئافتاو تەلەفۆنەکە داخە... سەماعەکەشی هەڵگرە با لە دەست ئەم لەعنەتییە ڕزگار بین... مسیبەتی دنیا خۆی لێ دانووساندووم بۆ ئەم دەمە مەینەتەی چیرۆکنووسی... دەنا هەر دەبێ بتنووسم ئەگەر بەردیش باری بێ... ڕەپەیەک لەسەربان هات... تۆ بڵێ منداڵی جیران بن بۆ کۆترەدزین بازیان دابێ؟ خۆ شوورەم تەلبەند کردبوو... با بزانم چییە... یاڵلا یاخوا... تەقتەق... بە سەر قادرمەکان کەوت، دیتی خشتێکی سەر شووره دەمێک بوو لە تەلەزگە بوو کەوتبووە سەر بانەکە... ڕەنگە پشیلە خستبێتی... دیارە بۆ کۆترە هاتووە... قوڕ بە سەرت پشیلە، هێلانەکان بەرزن هەر دەبێ بڵێی ترشە... دەستی هەڵبڕی بۆ هێلانەیەک بزانێ چۆنە بۆ بازی پشیلە... ترپەیەک لە تەنیشتیەوە هات...

قەڵەمەکەی بوو پەنجەی لێ شل کردبوو... بڵێ قەڵەم لە چ دەگێرِم! لا شعوریيە... گوێی مەدەیێ (لا تنطی أذن) سپێرم هەیە... لە گەرِانەوەدا سەیری کرد، نووکی قەڵەمەکەی فیچابۆوە...

هاتەوە سەر کورسی بە قەڵەمێکی تازەوە... دووکەڵی جگەرەیەکی نوێی هەڵمشت... لە زاریەوە، بە فوو بۆ گڵۆپەکەی بەرِێ کرد... دەتگوت مژە بە دەوری تۆپەڵەی شاخی دەمی خۆراوادا شنەبا قۆنگرەی پێ دەکا... تێوەی رِاما هەتا پەرتوبلاو بوو، هەر مایەوە باریکە رِایەڵی جگەرەکە لە تەپلەکەوە بە لەرزە هەڵدەکشا و چەترێکی دادرِ دادرِی بێئۆقرەی هەڵدەبەست و هەڵدەوەشایەوە... جگەرەکەی خستە نێوان قامکی گەورە و شادەنوێژی دەستی چەپەیەوە و ماوەیەک رِای گرت... دیسان چەتری لەرزۆک دەیتەنی و دەرِەویەوە... زەردەیەکی هاتێ: چەتری دووکەڵ... ئیستا بێساحیب نیت، دەسکەکەت بە دەستمەوەیە. جگەرەکەی سەرەوبن رِاگرت... چەترێکی دەسک لەرزۆکی بێئۆقرەی تازەی لێ داوە... دەرگاکەم دانەخستبایە چەتری بۆ لێ نەدەدرا... چارەنووسی ئێمەش هەندێ جار وەک ئەم دووکەڵە لە جیاتی بای تیکی دەرگا، بە قسەی تیکی دوو لێوان دەرِەوێتەوە...

بەبەر خەیاڵەوە نیشت... پێچەڵپێچ بەرەو رِابردوو هەڵکشایەوە... ئیستاکەی جێ هێشت و خزایە مێژوو... گوێی لە هیچ نەبوو... چاوی بە سەر بۆشایدا کردبۆوە و نەدەترووکا... وێنەی نەقشبەستووی سەر پەردەی مێشکی، وەکوو پانۆراما، دەوری لە هەست و نەستی دابوو سەلکوبنکی قەیسەرەکان... خاقانەکان... خەلیفەکان... شاهەنشایەکان زاریان دادەپچرِی... دەیان نەرِاند: لە گەردەنی ئەمە... خەڵات بۆ ئەمە... ئەسپ و جاریە... زمانی دەرکێشن... لە پشتی سەریەوە زمانی دەرکێشن... دەری کێشن... بی کێشن... شن... شن... ش... ش هەتا ئاگری جگەرەکە تینی بۆ پەنجەکانی هێنا و پانۆراماکەی هیچاند... خۆیشی لە مێژووەوە کەوتە سەر کورسییەکە بە دیار مێز و گڵۆپ و دووکەڵی جگەرەوە... پەرداخێکی ئاو خواردەوە سینگ و گەرووی پێ تەرِ کردەوە، دەتگوت بەرەو لووتکی شاخ سەرەژوور چوو بوو بۆ رِابردوو... فکری لغاو کردەوە بە ئیرادە بە دوا بابەتی چیرۆکدا گێرِای: پەلە مەکە لە بابەت... جارێ با بزانم کوێ باشە بیکەمە سەرشاری ئەم گەپەی چیرۆک...

هەر شوێنە شێوە ئاخاوتنی خۆی هەیە، نابێ هەڵەی تێدا بکەم... بیرورِا لە دەست خاوەنی دایە: حەز لە شێلم دەکەم و پەقڵاوە ناخۆم، خۆ بە تۆبزی دەرخواردم نادەن ئەمما زمان و پۆشاک و نەریت و ئەو جۆرە شتانە دەبێ لە واقیعەوە بخوازرێنەوە... هەولێر خراپ نییە ناوچەی ئۆتۆنۆمییە لە هەموو تاقمێکی تێدایە... ئەمینداریەتیەکان... زانکۆ و کۆلێجەکانی... سێسەد هەزار نفووس و پتریش... فایدەی چی نازانم بە زمانیان بدوێم. خۆ ناشێ

قارەمانەکەم لە بن قەڵات بڵێ کاکی بەقاڵ ئێزرەمی کاڵەک بە چەن؟ قەڵادزە موشکیلەی زۆرە... هی زمان... داب و دەستوور... سەد عەشیرەتی تێ خزاوە... بگرە ناوی گەڕەکەکانی نازانم... جاران چوار ماڵ و کەرتکێک بوو، ئێستا کارێزە بازاڕێکە بۆخۆی... باشە فلاناغای فیساراغا لە تایەفەی بەگزادەیە یان سەلیماغا؟ بەخوا ڕەنگە مەحمووداغایی بێ... نایزانم! ئەی چار چییە؟ شارەکەی خۆم بکەمە شانۆ؟ خۆ دەزانن کەرکووکیم، بەو ئیمام قاسمە لێم بە داوێوە دەکەن... ناوچە پەرستە!! ئنجا گۆیا لەهجەی کەرکووک بەباشی دەزانم؟ دە دوازدە ساڵە ماڵمان هاتۆتە ئێرە، خوێندنەوەش کردوومی بە نیوە سلێمانەتی... لە هەر دوو، لە هەر سێ دینان بووم... دەی کاشکی لە گێژاوی زمانی ستانداردیش بە کنارێکەوە دەگیرساینەوە... زمانی سلێمانی چییەتی؟ نەختێک شەویلەبادانی لێ دەرچێ دەڵێی گوڵە... کوڕە خۆ ئەم دنیایە من خەڵقم نەکردووە، گوڵە گوڵ نییە با من سەرەداوێک بە دەرزییەوە بکەم دواتر کێشەی زمان دێت... دەتوانم بە دزیەوە پرسی برادەری تێدا بکەم...

پەنا بە تۆ خوای لەسەران: «هەبوو نەبوو چ لە خوا گەورەتر نەبوو چ لە...» بوەستە بوەستە، کێ دەڵێ خوێندووی ئەم زمانە بە شێوازی کۆنینە ڕازین؟ دەنا بەو نوور و چرایە قەسەم وسێن مارفی ڕدێن ماش و برنج واز لەم هەبوو نەبووەت ناهێنێ (کۆسەیە بۆیە پێوەی دیار نییە)... هەر بابایە و چاویلکەی بەسەر نێرینەی لووتیەوە بەند کردووە و لێم بۆتە ڕەخنەگر... بە چرای گەنەگەرچەک بۆ کەموکووڕی دەگەڕێن... دەبا هەر بگەڕێن... گوتیان حوشتر ملت خوارە، گوتی ئنجا کوێم ڕاستە... ئێمە نازانین ڕەقەمی تەلەفۆن با دەین... خەڵق بە عاسمانەوە ئێمە بە گەنەگەرچەکەوە... باشە گوێ نادەمە کەس، ئێستا چی بنووسم؟ چ بنووسم... چ بنووسم... با بزانم خولێک بە دەوری مافی ئافرەتاندا بۆ کوێم دەبا! ئەم مافە خوراوەی ئافرەت... پەح عەقڵت لەکوێیە؟ کاکە ئەم حیکایەتە کۆن بوو... دەبێ بۆ مافی پیاو بگەڕێیت... خوا یار بێ هەر بزانە پەڕۆی منداڵی شوشت... وەی خەمێ! خوام دەکرد دەشزا... نگبەتی دنیا لەبن سەری پیاو هەڵی داوە... هەقەمستی بێ، مەگەر هەر ئافرەت تۆڵەی هەزار ساڵەی لێ وەرگرێتەوە... بەخوا چاکی لێ دەزانێ... لە ئێستاوە من لای ئافرەتم...

با بزانم باسی منداڵ بۆ چیرۆک چۆنە! باسەکە دەهێنێ... منداڵ هەزار گرفتی لە ڕێگەدایە، ئەوەندی دەگری پێناکەنێ. حەز لە دە چشت بکا بە یەکێکی ناگا... وەی کە خۆشن، فایدەی چی لێیان شارەزا نیم... جارێ ئافرەت پەڕۆی پێ نەشووشتووین... دەبێ یەک دوو مانگ سەرنج لە منداڵ بگرم، هێندێکیشی لێ بخوێنمەوە ئنجا بۆ چیرۆک پێی دەوێرم... تەمەنیشی موشکیلەیە، خۆ لە منداڵی ناو لانک نادوێم... مێردمنداڵەش نیوە پیاوێکە بۆ خۆی... منداڵی چی وازی لێ بێنە، هەر مابوو واقە واق لە چیرۆکم هەڵستێ، ئنجا لایی لایێ ژێری بکاتەوە...

لایی لایێ کۆرپەی دایێ... گورگانەشەوە گورگانەشەوە، لە ماڵەکەمان دوور وەکەوە... بلۆ بلۆ بلۆ بلۆ... لایی لایێ... لائیلەڵڵایێ... لایی لا... لایی... لا... یێ... پرخ خ خ... بە دەم وەنەوزەوە ملی بۆ سەر سنگی هات... دیسان نووکی قەڵەمی نوختەی لە چەرچەفەکە نەخش کرد... دمەورِوو هات، راچڵەکی... بۆ تروکەیەکی چاو نەیزانی لەکوێیە، بەڵام خێرا بە خۆی هاتەوە... دەستێکی بە دەموچاویدا هێنا باوەشکێکی پێ شاردەوە... وا دیارە زووتر لە شەوان بەلادا دێم، خۆ جارێ نانیشم نەخواردووە... ئافتاو گیان باوکم هاتۆتەوە؟ بۆ ماڵی مەلا کەریم چووبێ درەنگ دێتەوە. نانێکی سووکم بۆ حازرکە! چی دەخۆم؟ هەرچی بێ باشە ماستی لەگەڵدا بێ، دواتریش چایە.

خۆی خاوکێش کرد و پەنجەکانی تەقاند... جگەرەیەکی داگیرساند و لەگەڵ خۆیدا گوتی: ئەوەی بمبینێ وا دەزانێ دەفتەرێکم رەش کردۆتەوە پەنجەی بۆ دەتەقێنم. وەی بەزیادم نەکردی کورتەچیرۆک! راوەستە بۆم بە قارەمانەکەتەوە، شەوگار بە بەریەوە هەیە... مێوانی ئازیزی شەوی پاییز پەنا بەخوا تا شەبەقی بەیان راوتان دەنێم... راوتان دەکەم... فەرقی چییە... وەی کە زمانیش کلکوگوێی لێ دەبێتەوە... مێردەزمەی نووسەرە... زمانی ئەدەبی... زمانی رەمەکی... ناوچەیی... کرمانجی سەروو... خواروو... چی و چی... ئەو خەڵقە بۆخۆی دەدوێ و هەرای لێ پەیدا نابێ هەتا دێنە ناو چیرۆک ئنجا متەق ناکەن... خۆت ناوێری بەدەنگیان بهێنێ... دە باشە بزانم جافێک و هەرکییەک چۆناوچۆنی لەگەڵ یەکدی دەدوێن!! زمانی ئەدەبی بۆ وتوویژی ناو چیرۆک زەقە، رەمەکیەکەی بەکەڵک نایەت، لێشی نازانیت... ئەدی ئەینەلمەترەق! سێرِسکانەیان ناوەتەوە چیرۆک و زمان و قارەمان... کورە ورێنە دەکەی خۆت سێرِسکانە لە خۆت دەنێیتەوە، فەرموو هەرچی دەنووسی بنووسە کێت لێ بە دەنگ دێ... ئەوەتە «...قەڵای دمدم» بە زمانی ئیستای سلێمانی دەدوێ کەسیشی لێ بەدەنگ نەهات... بەدەنگ دێن نایەن بۆخۆیان فەرموو، شەکریان خوارد... دەنا حەشریشم لێ هەڵستێ چیرۆکەکەم دەنووسم... قارەمانەکەم بە دەنگ دێنم ئەگەر بە دۆڵمەی گوتبێ یاپراخ... با ناحەزیش شەق بەرێ... ئەی ئەی ئەم شەق بردنە بۆچی؟ نووسینە یان شەرِەگەرِەکێیە... هەناسەی خۆم سوار نەکەم چاکە... خوێنگەرمی هەڵەشەییە... خوێنساردی بەردی بناخەی هەموو کارێکە [سوراحی و تەلەفۆنی بیرکەوتەوە... گڵۆپی شکاو] با ملی بابەتێک بگرم شەو راشکاوە...

خەیاڵی بە زۆر لادا رۆیی... لە گرژیی رووییەوە دیار بوو ئۆگری بە هیچ بابەتێکەوە نەدەگرت تاکوو لەپرِ گەشایەوە و لۆچی تەوێڵی رەویەوە: سەری کلافەم دۆزیەوە هەر دەیەوێ هەڵی کەمەوە... ئەمەیە دەیخۆم دونگی تەرِ نابێ لە لەوەرِ... ماڵی فەقیر چواردەی تەمووزی نەمرە

جێی ملیۆنێک مەلەوانی تێدا دەبێتەوە... سەعات و نیوێکی سبەینەکەی بایی دە چیرۆک دەکات... وا لەبەر چاومە چۆن لە پێنج دەقیقەدا وەک گرمەی هەور لە هەموو عێراق دەنگی دایەوە... هەر بابا بوو ڕای دەکرد بۆ شەقامەکان... خەڵق تێکی دەهاویشت، هوتافیان لێ دەدا... چەپڵەیان دەکوتا، نازانم چییان دەکرد... ئافرەتی سەربەعەبا مەترەقی پێ بوو، منداڵ و پیر هەڵدەپەڕین ڕادیۆش دەینەڕاند جارێ نەشمان دەزانی تەپڵی بە ناوی کێ لێ دەین... ڕق و بوغزی دەیان ساڵ لە دەروونی ئەو عالەمە پێچی دەدا و ڕوو دەبزرکان و چاو ئەبڵەق دەبوون و هوتافی نرکەی دەهات... ڕادیۆش ئاگری دەکردەوە... کەلەشیان ڕاکێشا... نەختێکی لێ سڵەمیمەوە... ئەم کەلەشراکێشانم حەز لێ نەکرد... سەیر بوو بەو قرچەقرچەی جەهەننەمی تەمووزی ئەو ساڵە بتوانی کەلەشی لەتوپەتکراو بۆ ماوەی چەند سەعات ڕاکێشیت... لەوانە بوو گەنجی خورت لەو گەرمایەدا نەتوانێ لەگەڵ کچی جواندا سەعاتێک پیاسە بکات... نەفسی بنیادەم تەڵیسمە... کەلەش چییە ڕاکێشرێ!

ئیستە تۆ حەقت چییە بەسەر کەلەشەوە، ڕاکێشرا و بڕایەوە... نەختێک سەنگرایەوە: تۆ دەتگوت خۆم لە سیاسەت نادەم ئەدی ئەمە سیاسەت نییە! شێلم کڕینە؟ ئەرێ چوزانم پێم وەبوو ئیستیعمار و نۆکەرەکانی وەک بەردەعازەبە تێی نووسێ و ئافەرینی پێ وەرگرە... چەند کەسان دەناسم پاش شۆڕش دەستیان دایە سیاسەت و پێی بوونە وەزیر... سیاسەت و ناسیاسەت، خۆ کەس گوێی لێم نییە دەڵێم چی، خەیاڵێکە و تێ دەپەڕێ... ئەوەی بیخەمە چیرۆکەوە وەهای لە قاڵب دەدەم دەقی سیاسیەتی پێوە نەمێنێ... منداڵ نیم قسەم لێ هەڵرژێ، چواردەی تەمووز بورکان بوو تەقیەوە... پەحا بەرەی نیشتمانی چی بە خۆی و میللەت کرد، باش بوو خەتاکەمان لە مل ئیستیعمار دەپێچا دەنا ئیش نەدەڕۆیی... بە هەرچی چاک و پیری سەر ئەم عەردە هەیە شتی ئەوتۆمان بە خۆمان کردوە ئیستیعمار ڕێی پێ نەبردبێ... وەکوو کابرای داری لە ڕەفیسکی وشتر بەستبوو، شەیتان لێی پرسی خەریک چیت... گوتی خەریکی کاری شەیتانم... گوتی بە زولجەلال لەوەتەی بە شەیتان خەلق کراوم فێڵی وەهام بە بیردا نەهاتوە...

کاکە... کاکە... نانەکەم بۆ حازر کردووی... دەنگی ئافتاو شریتەی خەیاڵی هەڵبڕیەوە... ژوورەکەی جێ هێشت... پاش نیو سەعاتێک هاتەوە بۆ لای کەرستەی نووسین و دانیشتەوە... خواردنی سووک باشە بۆ شەو، میعدە ناپەندمێنێ... دەڵێن ماستی هەولێر... ماستی هەولێر... گۆیا ماستی بەری قەڵاسێوکەی خۆمان چی لە ماستی دیبەگە و کەندیناوە کەمترە... بەختوتاڵع بۆی هەیە: نەیانگوت «وزارة الدفاع - مقابل لبن أربيل»؟ هێی دنیا! ژنە دزەیی ئیزراب بکەن کاسە ماستێک لە هەولێر پەیدا نابێ... ئۆتۆنۆمیەکەش بوو بە میراتی هەولێر...

لێیان پیرۆز بێ، خەڵقەکەی فەقیر حاڵن... بێدەنگن، سینگ دەرناپەڕێنن... زۆریشیان کوردایەتی کرد ئەمما پڕوپاگەندە نازانن... دەی دەی، خوا بۆی هێناون، هەیانە... ئیستا بە من چی ماست و ئۆتۆنۆمی تێک ببەسترێن، شاڵڵا وەک کولێرەبەڕۆن پێی چەور دەبوو... قەیدی چییە، هەمووی هەر کورد نییە...؟ ئەدی حاجی قادر گۆڕقەرەجی نەبوو درایە کۆیێ، نالی و گۆران دران بە سلێمانی؟ ماڵم هەقە زەرەریشیان نەکرد... حاجی قادری گۆڕقەرەجی، نالی خاکوخۆڵی، گۆرانی نازانم کوێی...

بەردێکی لەسەر دانێ بەدوا کڵاوی بابردوو مەکەوە چیرۆکەکەت سازدە، وا بوو بە سەعات نازانم چەند گڵۆپت شکاند، سوراحیت وەرگێڕا، قەڵەمت فیچاندەوە حەرفێکیشت نەنووسی... ڕاستە قازانج سەری مایەی خوارد... پێ داگرە لەسەر شتێک، باز بازانێ بە فکرت مەکە نەوەک لۆس بێ... ئاخر فکریش دەسوێ... ماڵت نەڕمێ، لەگەڵ فەلاح خەریک بە تۆڵەی بۆ لە دەرەبەگ بستێنەوە... دەبێ بچمەوە بۆ پێش شۆڕش، فەلاحی ئیستا تێروتەسەلە دەستی ئاغاشی ناگاتێ... ئەوەی تراکتۆری هەیە! ئەوەی پیکەپ لێ دەخورێ! ئەوەی عارەبانە دەگێڕێ... حیسابیان لە بانک هەیە... ڕۆژ نییە یەک دوو منداڵ نەشێلن... فەلاح هەیە لە لۆقنتە بیرە هەڵدەقورێ... دوور مەبینە پەجامەش لەبەر بکا... چی تێدایە!! بۆ نەی کا؟ چەند مەغدوورە بیرە و پەجامەی لێ بە عەیب دەگرن... دەنا بەو قورئانە ئێستاش ترسی پۆلیس و ئاغای لە دڵدایە... بە دەستی خۆی مڵکانە بۆ ئاغا کۆنەکەی دەباتەوە ئەرزیش هی حکومەتە... جووچکەترسێن بووە دەنا بۆچی مڵکانە هەر بە کۆنە زۆردارەکە دەدا؟ خۆ مڵکداری بێ زوڵم و زۆر یاخود دیندار چ غەدری لە فەلاح نەکردبوو کەچی دنکە دەغڵێکی نادەنێ... دیارە وەک زۆردارەکان جووچکەترسێنی نەکردووە... سایکۆلۆجی ئەم مەتەڵە هەڵدەوەشێنێتەوە... موحەققەق فەلاحەکە دەڵێ: کابرای مام سەلامۆکە سبەینێ مڵکەکەشی بدەنەوە غەدرم لێ ناکا هەرچی بێڕەحمەکەیە دەمارم دەردێنێ... مڵکانەی دەدەمێ و ئاگربڕی دوارۆژی پێ دەکەم...

هەر ئەمەیە مەسەلەکە چی دیکەشی بەدوا مەکەوە پێشی ناوێ لە سایکۆلۆجییەوە باز دەی بۆ فەلەک و جوغرافیا... قۆڵ و باسکتی لێ هەڵماڵە و چاوی زاڵمی بۆ دەربێنە و عاردەکانی بۆ (لاین) بکە... ڕەحمان و خەزاڵ و شەش بزن و چوار مەڕ و جووتێکی گاڕەش لەم لا... ئاغا و پۆلیس و سەنەدی کۆمپیالە و مەحکەمەش لەولا... تاقم تەواوە بیسمیللا... خۆت لە قرەقرێ شۆ و تۆ و ڕەشکە و لەودە و قرشە و گەلاوێژ مەگەیەنە... حمێرە و سابیر بەگی و ئەو سەرێشانەشی ناوێ... ئەمە سەدە جووتە و سێ لات دەکەن ناو سەدەیەک... بێنەوبەرەی نیر و ئامورر و بەنکەڵەمە و قەیناغ... حەق و حسێبی سەپان و پێنجیەک لە جۆ شەشیەک لە

گەنم... تەبارە و مەڵۆ... سەروبەری قرشە شکاندن و ڕەوسە دەرکردن مەیەنە ناو چیرۆک تێیان بڕ ناکەی... جلک و بەرگیشیان خورد مەکەوە... داوودەلینگ حاجی حوسێنی لزوومی نییە... چوزانم خەزاڵ و گوستان چ لەبەر دەکەن... کراس لە پشتێن بەرەژێر سێ جاران بگاتە سەر پێیان، فەیلوسووفیش تێی ناگا...

دەڵێی چاوت بڕیوەتە فەلاحی مەخموور خۆ مەخمووریشت نەدیتوە ناشزانی چۆن دەدوێن... بە بیریشت نییە عاردیان چۆن لاین دەکرد: شتێکی سەرزارەکیت لێ بیستووە و بەس. ئەدی وەزعی دایەرەی حکومەت چۆن بوو... سەندی کۆمپیالە ئیدارە و پۆلیس و مەحکەمەی بە دوادا دێ و ئاغای لە پشتەوەیە... چەندە بەرەبابی ئاغای دزەیی هەیە... ماڵی فارساغا و بایز و پاشا و کێی دیکە؟ هەیهوو دووری کێشا... براله هەویرەکە ئاوخوازە... کوڕە خۆ نازانم «دووکەرە» سەر بە کوێیە؟ عەلیاوە هی هەولێرە یان مەخموور... ئنجا کە پۆلیست تێ بەردان بۆ کوێیان راپێچەک دات؟ جەنجەڕ هەی ماڵی جەنجەڕم شێوێ وستای کوێ دەمەزەنی بکاتەوە؟ دێی وەها هەیە لە بنەوباڵی پردێیە خۆ ڕەوای هەق نییە ڕۆژەڕێیەکی پێ بکوتمەوە بۆ هەولێر هەر هەتا جەنجەڕ دەمەزەن دەکرێتەوە... ئەدی ئەگەر ئەو دەمە لە پردێ وەستای جەنجەڕ نەبوو؟ کێ دەڵێ هەبوو؟ نایزانم... ئنجا بڕۆ ئەم سۆراغە لە پردێ بکە... گوریس بە یەک لایی نەدەگەیشتەوە نۆرەی دوو لاییە...

لەسەر کورسی دانیشتووم چم پێ نەنووسرا هەر مابوو لە ڕێی پردێ و مەخموور کاڵەک بدڕێنمەوە... وەی چ جاڕسی کورتەچیرۆک... شارەزەردەواڵەم هار کردووە... خۆ کفرم نەکرد لای فەلاح بووم... مەلای مەشوور وەهای بەسەر نەهات گوتی خۆت و دەسنوێژت... سەیری ئەم دەشتە پانەی هەولێر و مەخموور چۆن هێندەی کونی دەرزی تەنگ دەبێتەوە! هەر دەڵێی چیرۆک داوی ئەستوورانە پێوە ناکرێ... خەتای خۆشمە ڕێیان لە خۆم کوێر دەکەمەوە... بە خۆڕایی خۆم لە ناڵبەند و ئاسنگەر و تەئریخ و جواغرافیا هەڵدەقوتێنم... مابوو لە جیاتی جووتیار کاروبارەکەش بە شانمدا دەم... ڕۆنی هەسانم لەبیر چووبوو لەگەڵ کارەموو و ڕۆنەکەرە بۆ جەنجەڕ... ئاخر خوا لە ڕەخنەگریش هەڵنەگرێ خۆ لەسەر هیچ عەیبێکت باز نادا... لێی دەوەشێتەوە بۆ بەهانە بچێ بزماری ناڵەوڵاغ بژمێرێ یان بە بست فەرەنجی و کۆڵەبارت بۆ بپێوێ... باشە من لەخۆوە چوزانم فەلاحی مەخمووری پێش پەنجا ساڵ تەزبێحی قەزوانی بە دەستەوە دەگرت یان هی باغە؟ خۆ تەزبیحی کارەبای پێ نەدەکڕدرا! بە دەستیەوە دەگرت یان لە دەسکی خەنجەری دەئاڵاند!! خەنجەری هەبوو؟ نەی بوو؟ جامەدانەی ڕیشوەدار...

هێ... هێ بەسیەتی دەڵێی مەلائیکەتی سەر شانانی هەموو شتان دەژمێری... فەلاحی بۆرەپیاوی هەناسەسارد، گۆیا تۆڵەت بۆ دەستاندەوە... بەخوا هەتا سەبیلێکی بۆ بە ئاگر دەکەی ڕۆژ هەڵدێ... بەڕاست سەبیلکێش بوو یان جگەرەکێش؟ یان سیغارەکێش؟ کیسە و سەبیل قاوت و ئەستێ و بەردی دەوێ... پووشووش هەر قاوتە... جگەرە قتووی دەوێ لەگەڵ شخاتە... ئەدی قەننە؟ خۆ ئەویش باو بوو... کوڕە ئەو عەزابەی بۆ چییە، با فەلاحەکە جگەرەکێش نەبێ، ئەمما پۆلیسەکە بە جغارەی قەمیشیش ڕازی نەدەبوو پاکەتی دەکێشا... دەڵێن ئەوسا پاکەتی غازی، صحة... ئۆهۆ لیستەیەکم دەوێ بۆ ناوی پاکەتی زەمانی دەقنانووس... بە قوزەلقورتت بێ هەرواهەی پۆلیسی باخەڵبڕ... بەو خوایەی لە ژوورووی سەران پارەی پاکەتەکەشی لەو بەسەزمانە فەلاحە دەرێناوە... باشە وا مەفرەزەی پۆلیس بە سەر ماڵە کاولەکەی فەلاحیدا دا، ڕەشەشێوەکەیان ماش بێ یان گەنمەکوتاو یان ساوار... هەرچی پەلەپفەیە هی خۆشناوانە... دایکم لێرە بایە دەیزانی کامیان کەم مەسرەفترە... براله ڕەشەشێو هی ئێوارانە مەفرەزە نای بینێ... کێ دەڵێ بە ئانقەست خۆیان نەوەخراندوە هەتا ئێوارێ لە ماڵی ئاغا مێوان بن... دنیا بە ئۆینە، ئامیر مەخفەرەکانیش بە تەماع بوون...

بە نەبووبی کورتەچیرۆک ئەدی ئەگەر درێژ بایت چیت پێ دەکردم! کوڕە خۆ چیرۆکنووسی دیکەش هەر هێندەی من لەو بەند و باوانە دەزانن ئەدی چۆن وەها پەیتا پەیتا شێلەوبێلە تێک دەبەستن و دەیکەن بە چیرۆک: [مووی قەڵشتە کەمتیار - ختووکە لە چاوی ئەنگوستەکانم - شۆڕەبی زەردەگرەی دیتێ - دوو لێوەی پشت مەلاشوو - تاڵەبنێشت مەلە لە دەریای فیشاڵ دەکا...] و چەندی دیکەش لە سەرەناوی وەها قوندیلە قوتەقوتیانە لە چاپەمەنی ئەم ڕۆژانە... یەک لە یەکی وەردەگرێ... ئیحسان عەبدولقودووسیش چیرۆکی «انف و ثلاث عیون»ی بە خەیاڵی «مانگ و شەش پەنس» نووسی... چاولێکەریەکەیە... وەی کە چاو قایمیشن... دەسەڵاتم هەبوایە ملی هەرەگەورەیانم دەگرت و بە سەر چیرۆکە شڕمبڕمەکەی خۆیدا دەمنووشتاندەوە و دەمگوت دەی ڕەخنە لە خۆت بگرە ئەمەش پەنجا دینار، سەد دینار، مزەی کاڵەک دڕانەت، پەنا بە خوا ئەوەی بە خۆی دەکرد با بە دەواری شڕی نەکردبێ... خۆزی منیش شڕمبڕمێکم بۆ ساز دەدرا پێی نەدەویست یەخەی ڕەخنەگر بگرم... سەد دیناریش پێی ناڵێن بەرتیل... کارەباچی بە دوو سەعات پتری پێ دەبڕێ... مەئموور هەیە تف لە ئەوراق ناکا بە سەد دینار... ڕەخنەگری هەناسەسارد لە برسان دەمرێ... لە ڕۆژنامە و گۆڤار و دایەرەکانەوە کە نووسەر و ڕەخنەگر بەسەر دەکەنەوە دەڵێی گۆشتی قوربانییان لێ دەبەشنەوە... بە نامەی تەقەششوفیش بایی نان و کەبابێکی لێ دەپچڕن... براله نووسەر و ڕەخنەگر بوونەتە ڕەعیەی کاربەدەستانی چاپەمەنی... منیش هەر

لەگەڵ خۆمدا قسەی وەها قەڵەوی پفدراو دەکەم، خۆ ناوێرم بیاننووسم... هەر لێم بتۆرێن... قووقو قووقوو... ئەمە کەڵەشێری کەنگینە؟

چوو بۆ سەعاتەکەی مەچەکی، لەسەر کۆمۆدینەکەی دانابوو دیتی لە دوازدەوە وەستاوە... ئنجا ئەمە دوازدەی شەوە یان ڕۆژ؟ خۆ نازانم هی ئیمڕۆکەیە یان هی دوێنێ، کەڵەشێر بانگی نەدابایە سەیریشم نەدەکرد... کێ هێندە وردبێوە بە سەعات ئیش بکا! دەڵێن وەختت بەخەسار مەدە، قسەی ساردوسڕە چی تێ ناچێ... هێشتان بەخەساری بدەین چاکترە لەو پڕوپووچەی وەختی پێ دەکوژرێ... دایکم لە ماڵ بوایە سەراسۆیی دەکردم وای دەزانی نەخۆشم خەوم لێ ناکەوێ...

خوای گەورە لەسەر چی بنووسم: فەلاح بە کێشەیە، بابەتەکەشی زڕ بووە. ڕاما و لێکی دایەوە: وەک دەفتەر لە مێشکیدا پەڕەی باسەکانی هەڵدایەوە... بەلای کوردایەتیدا بچمەوە باشە... با جارێ پەردەی پەنجەرەکە دا بدەمەوە، بەو شەوە هەر منی تێرا دەدیترێم... تاریک ڕووناک دەبینێ... شەبەنگێکی مانگی پڕ و مانگی کەل و ئەم دیو و ئەو دیوی مانگی بە خەیاڵدا تێپەڕی... ڕۆژی پشت هەور... پەچەیی پەرچەم و زوڵفی سیا... مانگی تیا... کوڵمی تیا... گورج بای دایەوە بۆ چیرۆک... ها چیم دەگوت... ئائا کوردایەتی... شەوەکەش درەنگ بوو... دەرگام دانەخستبایە هەستی باوکمم دەکرد کە لە ماڵی مەلا دەهاتەوە... ئەمەیە پێی دەڵێن خامۆشی و کشوماتی...

ژوورت مەنفەزبڕ بکە و... مەنفەزبڕم کرد و هیچیش... هەزار کەلێن بگری ئەگەر کەلێنی مێشک نەکرێتەوە گشتی وەهیچ... کوڵەمستێکی سەبرۆکەی لە لاجانگی ڕاستەی دا... نووکی قەڵەمەکەی بەناو مووەکانی دا لە پێستی سەری خشا: چابوو برینداری نەکردم، نووکەکەشی دەنووشتایەوە و پەکم دەکەوت... هەر ئەم قەڵەمەم هەیە، خۆ ناچم دارا بەخەبەر بهێنم بۆ قەڵەم... دوێنێ شەو لەبەر ئازاری ددانی تا سبەینە نەنووست، ئیمڕۆکەش بەستەزمان پێوەی نالاند تا دوای نیوەڕۆ... خەوی خەستە... وەی کە خۆشە خەوی خەست. خەریک بوو قوڕگ و بناگوێی گشت ببن بۆ باوەشک... باوەشکەکەی لە ژوورەوە کردەوە... گرژیی دەموچاوی و تەڕایی چاوەکانی و فشبوونی کونە لووتەکانی وەک مۆرکی باوەشک بە ڕوویدا دیار بوو... گلاسێکی نیوەپڕ کرد هێندێکی لێ خواردەوە هێندێکیشی لە گۆلم کرد و ڕووی خۆی پێ تەڕ کرد: ئاو خەو ڕەوێنەوەیە... کاشکی ئاو چیرۆکنووسیش دەبوو لەگەڵ خۆمدا دەم کردە هاوبەش... لە سەرەوەیە دەمنووسی «بە قەڵەمی ئاو و فلانە کەس». نووسەر و شاعیر هەن قەرزداری مەشرووبن... مەحموود دەروێش گوتی لە کابارێ بە دەوری مێزەوە شیعرم هەڵبەستووە... ئەوسا قسەی وەهای دەدرکاند جارێ شارەزای دنیا نەبوو، دواتر هۆشی

مەسلەحەتی هاتەوە بەر... دنیا تێکەڵپێکەڵە... مەرەکەب و ئاو و مەشرووب و... خوێنیش تێکەڵ دەبن... هەر نەیسە، کتێب بۆ ئاخری دەگیرێتەوە...

با من هەتا بێهێز نەبووم گەلاڵەی چیرۆکێک بکەم، شەو درەنگە... دەڵێی سەرم قورس دەبێ... چۆنە سەردانەکەی سمکۆ لە شێخ مەحموود بدەمە بەر داس؟ خۆ چیرۆکی مێژوویش کورت و درێژی هەیە... لە سلێمانی پیاوی ئەوتۆ ماون ئەو دەورەیان بەبیر دێت، بەڵام بە من چی خۆ بەم شەوە دەستم پێیان ناگا... ئەوەندەش لەسەر نەنووسراوە چیرۆکی پێوە بەند بێ... چەند لەمێژە مەراقمە ئەو سەردانە بە باشی بزانم ئەمما ماڵی کەمتەرخەمیم برمێ وەک تەنبەڵەکەی ژێر دارتوو دەمی داپچڕی بوو لەخۆوە دەنکە تووی تێ بکەوێ... منیش چوارمەشکی لێی دانیشتم بە هەویای باسوخواسی ئەو سەردانەوە... تا من دەکەومە خۆم بۆ لای پیرەکانی سلێمانی کار لە کار دەترازێ، وەک ئەم چیرۆکەی لێ دێ سەر بە هیچەوە نانێ...

لێوان لە دنیا مەکرۆژە سەرەپەتێکی کورتەچیرۆک... درێژەچیرۆک... تەڕەچیرۆک... سندانەچیرۆک بە دەستەوە بگرە فڵتەفڵتێکی لێوە بڵێ... لە ئێوارێوە وڕێنان دەکەم نازانم چ دەڵێم... دەفەرموو یەخەی تووتن بگرە لە هەموو بابەتێکی تێدایە: تووتنەوان، توجار، کاروانچی، حەمباڵ، سەلەم و سووتخۆر، حکومەت، مەعمەل ئیدی نازانم چی... حەشریکە بۆخۆی بزانە بۆ کوێت دەبا... لە پێش ئینحیسارەوە دەست پێ بکەم یان دواتر... زەحمەتە پێم بکرێ بگەڕێمەوە بۆ پێش 1940، چوزانم سەروبەری تووتنی ئەو دەمە چۆن بوو... دەڵێن هیدایەتێک هەبوو، قادر صرافێک هەبوو نازانم کێ چی دەکرد... کوڕە خۆ تەزکەرەی نفووس بۆ تووتن دەرناکەم، نامەخوا لە تەماکۆوە بۆی دابەزم... چەقەچەقی تووتنی کۆنی پێ ناوێ، ملی مەعدەن و بێشەما بگرە و لێ خوڕە... بۆ تووتنەکەی بێشەمەیی شاور و شێتنە... مدێر عامێکی تووتن وای دەزانی بێشەمەش دێیە دەیگوت تووتنی وەرتێ و شاور و بێشمە مەعدەنە... چابوو نەیدەگوت بێخمە... بەڕاست خەڵقی ئەو ناو چیایە ڕانەگوێزراون بۆ موجەممەعەکان؟ خۆ کورتەچیرۆک لە چۆلی شین نابێ... بەم لاوەتر وەرە بۆ بازیان و شەقڵاوە و دهۆک پڕن لە تووتنەوان... هەر ناوچەیە تەبیاتی خۆی هەیە بۆ تووتن... زەوی هەیە بە سێ گاسن خۆش دەبێ... هەیە پێنجی دەوێ... خەت و دۆریخە هەیە... چی دیکەش... ئا ئا خاکاو و سێئاو جودان... زەوی دەموشک ئاوخوازترە، زەوی شێدار هەیە سێ ئاوی ناوێ... بە تۆ بڵێم چاویلکە لە شەلەگە وەردەگیرێ... بەریان هەیە لەسەر دە خەت، پتر، کەمتر... تووتنی شیشە، ڕستە، شەقڵ و شیش... هەروا بێتەوە ڕشاندن و زاخاو... فەردەی سێ قاپ چوار قاپ... دەڵێن زوو هەر تووتنی وردە هەبوو بۆ بەغدا و مووسڵ بە ڕێ دەکرا دواتر

ڕستە داکەوت... ژنە شارستانی وەها هەبوون شەتڵەکەیان سەرەوبن دەناشت... ڕەگەکەی بە هەواوە... گیاکەڵە، پێشی دەڵێن گورگە، بەڵای تووتنە... شۆکە و دۆ... بارانی بێوەخت... کلۆ، کرم، هەزار فەلاکەتی لە پێشە... وەی کە عالەم بە لەرزوتای بیتوێن و شارەزوور هەڵوەرین... هەزاران ساوا و شیرەخۆرە... خێزان هەبوو دوای بڕایەوە... ڕەنگە قەبرەکانیشیان ژێر ئاوی دووکان و دەربەندی خان کەوتبن... پاش هەزاران ساڵ زانای ئاسار لێیان بە سەهوو دەچێ نازانێ بۆچی وەها بە مێگەل مردوون...

ئێسک و پرووسکی ئەشکەفتی شانەدەریان زانی هێندێکی هی بنیادەمە، هێندێکیشی هی بەرخ و کارە... بەڵام لە مەیان هەڵە دەکەن: خۆ ئێسقان حیکایەتی بۆ ناگێڕێتەوە بڵێ مەلاریای مەزرای تووتن کوشتوومی... جارێ «دی دی تی» پەیدا نەبوو بوو... «مومتاز» چ ئاگرێکی کردبۆوە... دەیانگوت فەردە و دیناری لێ دەدرایە لوجنەی فەحس و کێ و کێ... بڵێم بە زەهریان بێ؟ سەد ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو... دوای چواردەی تەمووز دوو ساڵی نەبرد مومتاز لەغوو بوو... نومرە یەک دەگمەن بوو.

قوو قو قوو قوو... ئەمە دوو جار کەڵەشێرم بۆ بخوێنێ، جارێکی دیکەش بانگ دەدا بەر لە بەیانی... یان دوو جار؟ کوڕە خۆ کەڵەشێریش هەمووی پێکەوە بانگ نادەن وەک مەلای موئەززین ئێکیان لە نوێژیش دەبێتەوە ئنجا ئەوی دیکە یان تێ هەڵدەکا... میکرۆفۆنە و لرمەی دێ... بە بیللا دەنگ ناخۆشی وەهایان تێدایە گوناحە بانگ دەدا... تۆ وەرە مسڵمان بەرەو بەیانی خوا، ڕووەو ماڵی خوا بەم تەرزە کەڕەنایە نوێژ بکەی!! پیاو دەست لە شیرن خەو هەڵدەگرێ، بە پەنجە چاوەکانی هەڵدەپچڕێ لە سەرمای زستاندا بەرەو مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت خۆ هەڵدەکوتێ ئەوقافیش ئەو مەڕنەموکەی لێ بە دەنگ دێنێ... ئیمامی عومەر هەقی بوو گوتی ئەمە دەنگی هی ساحێب کەیە پێی دەگەیێ... باوەشک چاوی پڕ بوو لە ئاو... قسەکەی بۆ نەگوترا... چاوی سڕیەوە و زەق زەق سەیری کاغەزە سپیەکەی کرد... کاغەزەکە لەبەر چاوە خەو تێگەڕاوەکانی زڕ دەبوو... یەک دوو جاران بە هەر دوو دەست ڕووی خۆی ماڵیەوە... هەر جارە نەختێک هۆشی دەهاتەوە بەر... دیسان چاوی ئەبڵەق دەبوون... ژوورەکەی لێ دەبووە بە تارمایی... زرینگەی بێخەوی لە مێشکییەوە دەهات... زرینگە و تارمایی دەبوونە حەپەسان... هەستی شل دەبۆوە... دەمارە گشتەکانی دەست و قاچی خاوبوونەوە... هەناسەی کەوتە سەر ئاهەنگێکی ڕێک... قەڵەم لە پەنجەکانی ترازا... دەمارە گشتەکانی قاچ و دەستی خاو بوونەوە... بە ناو وڕێنەی تەم و دووکەڵ و گورگانەشەوەدا شەپۆلێکی خامۆش و نەرمی هەست بەخۆ نەکردن بردی بەرەو تاریکایی... بێهەستی... هیچ...

بەحاڵ ملی کەوتە سەر لاشانی چەپەی کە هەوەڵ میکرۆفۆن ئاوازی ئەڵڵاهوئەکبەری گەیاندە پەردە کشوماتەکەی گوێیەکانی...

مەسعوود محەمەد

بەغدا: 19/3/1983

**شەوی دووەم ڕاوە تارمایی**

**پاشکۆی عێراق، ژمارە 53، کانوونی دووهەم 1984**

وەک مەلێکی بەسەر هێلانەوە بنیشێتەوە ئەویش لەسەر کورسییەکەی شەوی پێشوو دانیشتەوە. قاچەکانی لەیەکدی تێ پەڕاندن و پشتی دایە پشتی کورسییەکە و خۆی شل کردەوە. دەستێک بەبەر شەویلەی چەپە و دەستێک بەسەر باسکی کورسییەوە. وردە وردە چۆوە خەیاڵخانەی چیرۆکسازی.

قەڵەم و کاغەز ئامادەی خزمەت، پاکەت و کفریت... سوراحی و پەرداخ. گلۆپی بەرەوڕوو، بێدەنگی و دیمەنە تێکبزڕکاوەکانی هەوەڵ هەولی نەزۆک... وەنەوز و کەڵەشێری سێهەم بانگ و خەوی بوورانەوە.

«نەمزانی دوێنێ شەو چۆناوچۆنی چووبوومەوە سەر قەریوڵەکەم. ئیمشەو بە تۆبزی چاو داناپچڕم، هەر خەوم هات دەنووم. نووسینی خەواڵوو چ دەهێنێ؟ ناخوێندرێتەوە. کەنگر و ماست بە وەعدی خۆی». خەیاڵێکی کردەوە.

هەڵستا سێپایەکی بچووکی هێنا بۆ ڕادیۆ. «دوێنێ شەو ژوورەکەم دەتگوت فەنەی بێدەنگە. ناوناوە مۆسیقا بێ یان گۆرانی بێ، گوتار و چیرۆک بێ... دەنگوباسێک بێ، دەماغ تەڕ دەکاتەوە. دز بامایە لە چیرۆکەکانی ڕادیۆ یەکێکیانم وێنە گۆڕ دەکرد بە ناوی خۆم بەڵام دەبوومە کابرای فتاری بە ئارەق کردەوە. تا ئێرە بە خاوێنی هێناومە. دەستپاکی بە چیرۆکی دزراو نادەم. بە هیچی نادەم».

دەستێکی برد میلی ئیستگەکانی بە خێرایی بادا. وەکو گرەی ماتۆڕ ترقەترقی ئیستگەی شەپۆل کورت بیری بردەوە بۆ لای برێشکەی سەر ئاگر. بەدەم خەیاڵی برێشکەی لادێ و تامەزرۆیی منداڵییەوە میلەکەی لەسەر شەپۆلی ناوەندی گیرا و گەشتێکی ئەم سەرەوسەری پێ کرد و ڕادیۆکەی کوژاندەوە. «جارێ زووە بۆ بەرنامەی خۆش، ئەخباریش چی نوێی تێدا نییە».

سەعاتی مەچەکی بۆ نۆ دەچوو. جگەرەیەکی داگیرساند. چاوی بڕیە قەتاری قەفقەفی دووکەڵ لە وشکەمەلەی ناچاری کە بە هەواوەی دەکرد. مەترێک نەڕۆیی دووکەڵ پێچی کردەوە و قەفەکانی تێکەڵ بوون و بڵاوەیان لێ کرد. داوی کشتەکە تەزبیح پسا و دانەکانی هەڵوەرین.

خەڵقی بازاڕی شیناوردی ئەم پاش عەسرەش وەکوو ئەم دووکەڵە دەجمین و لەوسەری بازاڕەوە بڵاوەیان لێ دەکرد. نەتدەزانی بۆ کوێ دەچن. بە دڵمدا هات، هەریەک لەو زەنبیلبەدەستانە چیرۆکێکی بەدواوەیە، بە خۆڕایی نییە هی وەهایان تێدایە حیسابی نرخی بامیە و باینجانی بۆ ناچێتەوە سەریەک، دیارە بە دڵ لە شوێنێکی دیکە دەژیت.

کێ دەیزانی کە من خۆم دەستم بۆ ترێ برد بیرم لە قارەمانێک دەکردەوە کە حەز لە هەنجیر بکا. هەر ئەوە بوو بە بەقاڵەکەم گوت کیلۆی هەنجیر بە چەند. گوتی هەنجیری چی؟

ببەخشە ترێم مەبەستە، زەردەی هاتێ و چۆوە.

«دوو کیلۆ بە دوو دینار».

سەیرێکی ڕەفتەی ناو پەنجەرەی بەردەمیەوەی کرد، هێشووە ترێیەکەی بۆ شەوی هەڵگرتبوو تۆپەڵە ڕەنگێک بوو لە مەیلەو ڕەش هەتا ئاڵ هەتا پەمەیی هەتا زەردی نەباتی... قاپی ترێ بایی قەوارەی خۆی جێی بە دوولای پەردەکە چۆڵ کردبوو، کەلێنێکی شکڵ سێسووچیی تێخستبوون لە شێوەی بورجی ئێفل.

ئەمەتە کۆتایی سەفەری ژیان، مێو ڕشایەوە و بوو بە بەرسیلە و بەڵەکە تا پێگەیشت. دەستاودەستی کرد لە باخەوانەوە بۆ بازاڕ، لە فرۆشیارەوە بۆ کڕیار و بۆ ناو دەست و دەم.

سێ چوار بۆڵووی لێ خوارد: «بە لەزەتە بۆ ئەم کژە درەنگەی ساڵ. ترێخۆریش هەر لەم سووڕەوە پێچ دەکاتەوە بۆ ناو خاک. دەبێتەوە بە خۆراکی گیا. ئاژەڵ گیا دەخوا. بۆ خۆی دەبێتەوە خۆراک. دەچێتەوە ناو خاک...». هەناسەیاکی هەڵکێشا و بینی بە خەیاڵەوە ناوە... «بازاڕی شینایی دنیایەکی بچووکی قەوغای سەیرە. ئیمڕۆکە بە چاوی مامڵەت سەیری ئەم خەلقەم کرد دەتگوت لەمەوبەر نەمدیتوون. سەد چیرۆک لەبەر ئەو دووکانانەدا پێکدیدا تێ دەپەڕین. لەیەکدی دەخشان و تێک نەدەئاڵقان. کێ دەڵێ من سەرنجی باشم لێ گرتوون؟ وردترم سەیر کردبانایە لێیان حاڵیتر دەبووم.

تۆ بڵێی بەرێکەوت باینجانەکانی کابرای پەستەکلەبەر و پیازەکانی ئافرەتی عەبابەسەر پێکەوە ڕژانە سەر زەوی؟ بۆچی وەها لە یەکدی نزیک بوون؟ گۆیا ئەمیشیان ڕێکەوت بوو؟ پێکەوە داهاتنەوەیان بۆ کۆکردنەوەی پیاز و باینجان دەبێتە سێ ڕێکەوت. کابرا ناچار بوو یان دەتگوت ناچارە بۆ خۆی و بۆ ئافرەتەکەشیان کۆ بکاتەوە. هیچی بە گوێدا چرپاند؟ کاغەزێک، ڕاسپاردەیەکی نەخستە زەنبیلەکەیەوە؟ دەبوو ئەوسا چاویان تێبرِم نەک ئێسا بەدوا خەیاڵی

بابردوو بکەوم. دەڵێن وێنەی شتان لە دەرووندا نەقشبەستوو دەبێ، لەوانەن دواتر بێنەوە بەرچاو.

بلێی بە قووڵبوونەوە هیچم لێ بەبیر بێنەوە! کە زیرەی تایەی ئۆتۆمۆبیلەکە لە جادەوە خەڵقی وشت کرد و کابرایەکی گۆپاڵبەدەست ڕای کرد. بەڕاست ئەم گۆپاڵبەدەستە بەناو خەڵقەکەدا دەگەڕا و هیچی نەدەکرێ. زەنبیلەشی پێ نەبوو. چاکەت و پانتۆڵ و پۆشاکی عادەتیی مەیلەو کۆن بوون... ئێی چی دیکە. دەبوو سەرنجی لێبگرم لای خۆی بە چاوی مامڵەت سەیری دنیام دەکرد. سەرنجم ورد نەبوو. دەتگوت بە پەلە چیرۆک دەخوێنمەوە. قارەمانێکم دەستنیشان نەکردبوو، تومەز هەموو بازاڕەکە بەگردی قارەمان بوو. جاران بازاڕەکەش لە مێشکمدا چەسپ نەدەبوو. پێیدا تێ دەپەڕیم و نەم دەدیت. لێرە بەدواوە وەها ناکەم. کەرویێشکانی چاو زەق ناکەمەوە و هیچیش نەبینم. خەیاڵ دەڕوات و قاچ لەخۆوە ڕێگا دەبڕێت و چاو چ نابینێ. عادەت پێوەگرتنە دەمانبات و دەمانهێنێت. ئەو ئۆتۆمۆبیلە برێکی توندی نەگرتبایە کابرای خاوەن گۆپاڵم نەدەکەوتە بەرهەست. بوەستە بوەستە، وا دیتەوە بیرم، لەگەڵ دەرپەڕینی گۆپاڵبەدەستەکە باینجان و پیاز ڕژانە سەر زەوی و کۆکرانەوە. ئەمەشیان ڕێکەوتی چوارەم بێ؟ دواتر چی بوو؟

ئا... ئا... هیچ نەبوو، گۆپاڵبەدەست گەڕایەوە سەیرێکی بازاڕی کرد و گورج تێی قووچاند. دەتگوت ئەوەی دەیویست بیبینێ نەیدیت. منیش خۆم عەبابەسەر و پەستەکلەبەرم نەدیتنەوە. دیارە لەو دەمەی چاوم بڕیبوە گۆپاڵبەدەست ئەوان بزر بوون. لاشانێکی بە پەستەک لە زارکی لای شەقامەوە پێچی کردەوە لە قەڵەباڵغیدا تێچوو پنۆکێکی شان و پەستەک دیترا و نەدیترا ئنجا چی؟ عەبابەسەری لەگەڵدا بوو؟ من هەستم پێ نەکرد. دەبێ لە زارکی دیکەی بازاڕەوە بۆی دەرچووبێ... ئایا شوێنبزرییان لە گۆپاڵدار کرد؟

لەوانەیە پەستەکلەبەر بە ئانقەست ڕووەو لای جادە چووبێ هەتا گۆپاڵدار بەلای خۆیدا بکێشێ. دیارە کاغەز و ڕاسپاردە خراوەتە زەنبیلی عەبابەسەرەوە. گۆپاڵبەدەستم نەدیتەوە. ئایا بەدوا کابرا کەوت یان ئافرەتەکە؟ ئێرە شێرلۆک هۆڵمزی دەوێ. بەڕاست تەمەنیان چۆن بوو؟ وەک بۆی دەچم گۆپاڵبەدەست 35 ساڵی کەمتر زیاتر، بوو. ئەو بە عومرتر بوو لە پەستەکدار.

دە ساڵێکیان بەین بوو. عەبابەسەر سەرەژن بوو. بە عومر بێت 35 ساڵی بۆ هەموو کارێک دەست دەدا. هەر لە سیخوڕی هەتا دڵداری هەتا هەرچی بێت، 25 ساڵی بۆ دڵداری و بۆ خۆخستنە مەترسییەوە لەبارترە. ئافرەتی پەنجا ساڵی زرە بۆ دڵداری، هەر دەتوانێ قاسیدی

دڵداران بێ... ڕاسپاردەش ڕادەگەیەنێ. ئەگەر مەسەلە دڵداری بێ ناشێ عەبابەسەر و پەستەکلەبەر لە گۆپاڵدار بێئاگا بن چونکە دڵدار غەریمی خۆی دەناسێ.

ئەگەر مەسەلە سەر بە سیاسەتەوە بێ بڕیاری لێوە نادرێ، لەوانەیە هەردووکیان هەستیان بە گۆپاڵدار کردبێ، لەوانەیشە خۆپارێزییان تەقیەی عادەتی بێ... چوونی پەستەکلەبەریش بۆ لای جادە بێمەبەست بێ. خۆ دەبێت ڕوو لەلایەک بکا. باشە ئەم پەستەکە زەق و زۆپە لە شاری وەها بەسرکە و کورکەدا وەک مادەی «عەسعەس مارابگیر»ی لێدێ. چاکەت و پانتۆڵ قات بوو بۆ شوێنبزری؟ یان کابرا لە دەشتەوە هاتووە بۆی نەکراوە جلک بگۆڕێ؟ بەڵکوو دەرفەتی نەبووە یان جلکی چنگ نەکەوتووە. شکڵی شارستانی بوو. دەشتەکیش بووبێ خوێندنی تەواو کردووە. ئینجا چۆن ئەو بڕیارە بدەم بە دیتنێکی سەرپێیی بە پەلە. نەمکرد لە خۆی بپرسم! خەیاڵی پێچەڵپێچ سەریش گێژ دەکا... گڵاسێکی ئاو خواردەوە و جگەرەیەکیشی داگیرساند. دەستی برد میلی ڕادیۆکەی گێڕا. جندووکەکان قسەی پچڕپچڕیان کرد بە سەد زمان، یەک ئیستگەی بەدڵ بوو گژەگژی تەشویش تامی بڕیبوو..

گێڕای. گێڕای و پێداهاتەوە. في الاقتصاد ال قرت قرت بإذن الباریء عز و قرت قرت ساعة لكل ذوق «ئەمەیان مۆنت کارلۆیە... گوێم لە کوردی نابێ، دەستم ڕۆشتبایە گوێی سەرۆک دەوڵەتە زلەکانم دەکێشا مەترێکم درێژ دەکردنەوە و لێم دەچریکاندن: هەی درۆزنە زلەکان بۆچی فیشاڵە چەور و لووسەکەتان بە کوردیش بڵاو ناکەنەوە... شەرتی پیاوان بێ هەر ئێستگەیەکی کوردی بکرێتەوە قوربانییەکی لەقەدەر حاڵی بۆ سەربڕم. پازدە بیست ملیۆن کورد لێی خەسار بێ بایی شەترەنجی بۆ خەرج بکرێ. دەک بەزیادم نەکردی دیموکراسی و دیکتاتۆریەتی درۆزن... چەند سەیرە ئەو درۆزنانە لە ئاست کورد ڕاستگۆن کە تێی ناخوێننەوە، بە درۆش بۆی نابزرکێنن...».

میلی گێڕا: «ومن هنا یستعـ قرت قرت. صدق الله الـ . قرت قرت چەگونە مستضعفین...» میلەکەی ڕاگرت: «بەڵێ کوردەکە بۆ کوشتن و بڕین لە گۆشەی مەهاباد و سنە مستضعفین نین، چەنگیز و هیتلەرن... بە نەبوو بیت».

میلی بە توندی بادا.. «قرت قرت قرت فی فلسطین المغتص. قرت قرت. گژقژ. تق» ڕادیۆکەی وەها بە توندی کوژاندەوە چی دیکەی تین دابایێ جارێکی دیکە هەڵنەدەبووەوە.

قەفەزی سنگی پڕبوو لە خەفەت.. کونەلووتی لێ فش بوون. بەقوونکی جگەرەکە دانووسا نەفەسێکی قووڵ قووڵی لێ داگرت دووکەڵ خەریک بوو لە کونەگوێیانی دەرچێ... ڕێی نەبوو

دەرچێ. لە لووت و زاریەوە بە لوولە و بە بڵاوی تێکیان کردەوە. هەردوو لوولە سەرەژێر هەورۆکەی زاریان سمی... تەوژمیان ڕەوییەوە و تۆژاڵ تۆژاڵ بە هەموو لایەکدا بڵاوبوونەوە.

«ڕادیۆی هەموو دنیا بایی دووکەڵی جگەرەیەک شەپۆلی کوردی نادەنەوە. دەشڵێن «أمم متحدة» درۆیەکی زل و زەبەندە، نە ئومەمە و نە موتتەحیدە. دەبوو بڵێن کۆمەڵەی دەوڵەتە نارێکەکان، هێی مامە ڕادیۆ بە ڕاستی لەزەتم لێ کردی، چەندی دەکەم لەو پشتگوێخستنەی زمانی کوردی ڕانایەم، چشم پێ ناکرێ. کەس چی پێ ناکرێ.. دەبێ بە تەمات بن ئنجا بە زمانت دەدوێن. تا دنیا وەها بێ مەسەلەی ئێمە وەکو قاویت و ڕەشەباکەیە».

ڕاست بۆوە بەرەو هۆڵ ڕۆیی، خێزان بەرانبەر تەلەفزیۆن کەوانەیان بەستبوو، سەرنجیان بۆی نەکشا. بە ئەسپایی کشایەوە. لە مەتبەخ ساندویچێکی بەسەرپێیانەوە خوارد. چایە هەڵمی لێ هەڵدەستا، کووپێکی لێ تێ کرد و گەڕایەوە ژوورەکەی. ڕقی ناو دڵی لە ڕادیۆ نیشتبۆوە. گوێی لە ترپەی دڵۆپەباران بوو.

هەرەتی پەڵەیە. خوایە ئەمیشمان لێ نەکەیتە زمانی کوردی. ئەوەی دەغڵی چاندووە و ئەوەی بەتەمایە بیچێنێ چاوی بڕیوەتە ئاسمان. هەوای لە ڕۆژان ساردترە، لە پاش نوێژی عەسریشەوە هەوری مەیلەو تیژ کردووە. هەستی ڕاگرت، دەتگوت بوونەوەر جێی بۆ دڵۆپە باران چۆڵ کردووە تا بە دڵی خۆی دابەزێ. چرتەچرتی سەرەتای پلووسکی سەربانی کەوتە بەرگوێیان. دانیشت و گوێی ڕاگرت، کووپە چایەی دەستی ڕاستی و جگەرەی دەستی چەپی و بارانی بەپلووسک لەو دەمە دەوریان لە هەست و هۆشی دابوو، لە ناویان دەخولایەوە. بۆ چەند دەقیقەیەک لە سێ سووچی شڵپەی پلووسک و هەڵمی چایە و دووکەڵی جگەرەدا پێچەبەدەورەی دەکرد. پێیانەوە ئارام بوو. هەڵم و دووکەڵی دەدیت. پلووسکی دەبیست. بە جۆرێک کە نەیدەزانی چۆنی وەسف بکا، هەستی تێکەڵ بە تام و شامی ئەو هەڵم و دووکەڵە دەبوو، وێکڕا لەگەڵ ئاوی باران بە پلووسکدا نەرم نەرم پارچە مۆسیقای سێ ئالەتییان دەڕشتەوە ناو دڵی. لە خۆی ڕازی بوو. گلەیی سوابۆوە. لەپڕ بڵاچەی برووسکە پەردەی پەنجەرەکەی گەشاندەوە و بۆ یەک ترووکەی چاو ڕایەڵەکانی ئاشکراکردن. گرمە گەیشتە بەر گوێی، میناکانی لەراندەوە، سێ سووچەکەی لێ بۆوە بە هەشت سووچی ژوورەکەی، خۆی و قەڵەم و کاغەزیش ئاکتەری چیرۆکی نەنووسراو... «گرمەت خۆش بێ... دەڵێن بۆ دونبەڵان باشە. نە کاکە گرمەی بەهارانە وەهای پێوە دەڵێن. کوڕە هەر کامێکیان بێ کیلۆی لە دە دینار نایەتە خوار. بۆ ئێمەمانان مەلاخۆرە نابێ». باران تینی دایێ. پلووسک بینی پێوە نا. «قدومت بەخێربێ. یاخوا پەڵەی تەواوت پێوە بێ. با ببارێ سبەینێ پاڵی لێ دەدەمەوە. هاتووچۆی ناو جادەی قوڕاوی بایی فلسێکە. پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ باریبایە نەدەچوومە بازاڕی

میوە». گورج شێوەی عەبابەسەر و پەستەکلەبەر و گۆپاڵبەدەستی هاتەوە بەرچاوان. پێیاندا هاتەوە هەر لەو کاتەوە کە سەرنجیان ڕاکێشا تا ئەو دەمەی لێی ون بوون. شتێکی تازەی بەبیردا نەهات. چەندە هەر هەندە. دەبوو هەر خەیاڵێکی لێیان بکەم یەک یەک بە لیستە ڕێکی بیەخم. چیرۆک وردە وردە کەرستەی تەواو دەبێ خۆ نەقشی بەرد نییە نەچێتەوە. زیرەی بریکی ئۆتۆمۆبیل. ڕاکردنی گۆپاڵبەدەست. تێکەڵبوونی باینجان و پیاز. پێچکردنەوەی شان و پەستەک. چی دیکە؟

ئەرێ چی دیکەی بۆچییە؟ جارێ با لەوە بگەین پەستەک شتێک نییە بۆ شوێن بزری لەبەر بکرێ. پەستەک بۆ ئەوەی لێی ڕابێی وەک پێستی لەشی لێدێ. کوڕی چاک! پەستەکلەبەر خەڵقی شوێنێکە پەستەکی تێدا باو بێ. گەنجی ئەم کەرکووکە خەیاڵ لە پەستەک ناکاتەوە. کابرا لە دوورەوە هاتووە. بەڵام کێ دەڵێ ئەویش وەک من نەهاتووە بۆ کەرکووک بەخۆی و پەستەکەوە نیشتەجێ ببێ! ئەگەر تا گەراج شوێنی کەوتبامایە و بمدیتایە بەرەو سلێمانی و کۆیێ سەفەر دەکا دەمگوت مەکە مەکەی تێدا نییە ڕاسپاردەی پێ بووە. ئەدی عەبابەسەر چووزانێ پەستەکلەبەر لە بازاڕی میوە بۆی ڕاوەستاوە؟ گۆپاڵدار چۆن سۆسەی کرد؟ دەشێ گۆپاڵدار بەدوا عەبابەسەردا هاتبێتە بازاڕ، ئەمما بەبێ خەبەر نە عەبابەسەر دەزانێ پەستەکلەبەر لە کوێیە نە ئەمیشیان ئاگای لە عەبابەسەرە... لەو بەینە دەبێ ژوانێک بەسترابێ. لێرەدا ئاڵقەیەکی زنجیرە دیار نییە. چۆنی چارە بکەم؟ خەیاڵ بۆ کوێ بەرم کەلێنم بۆ بگرێ».

دەستێکی برد پاشەسەری پێ ماڵییەوە و خروویەکی مەوهوومی دامرکاندەوە. بە جارێ ڕمبەی باران و شڵپەی پلووسک هوروژمی هێنا و ژوورەکەی پڕکرد لە دەنگ و بەنگ، هەر دەتگوت دنیای نووستووی ناو مێشکی لە بەینی پەنجە و پاشەسەری بەو تۆزە خواردنە خەبەری بۆوە. لرمەی ڕەپەی وڵاغەبەرزەی هاتەوە بیر کە دوای گەوزین تۆز لە خۆی دەتەکێنێ، هەر دەڵێی پێستی بە گۆشتەوە نەنووساوە وەهای دەهەژێنی و دەلەرزێنێ. کەر وەهای بۆ ناکرێ. گوێیان دەلەقێنێ و هیچی تر. گوێی بۆ لای هۆڵ شل کرد، هیچی نەبیست، زانیی خێزان نووستووە. سەیری سەعاتی کرد بۆ یەک دەچوو: «عەجایب شەو وەها بە تیژی تێ دەپەڕی و هەستی پێ ناکەم. سەیرە خەویشم نایەت. مەراقی عەبا و پەستەک و گۆپاڵ بۆتە گرێکوێرە، هەر دەبێ بتکەمەوە. حیکایەتێکت بۆ هەڵدەبەستم ڕاست و درۆ تێک بەستێ. درۆی ناچاری خاڵەبەخش کراوە، کەسیش ئاگادار نییە چیم دیتووە لە بازاڕی شینایی. هەرچی چیرۆکم بخوێنێتەوە وا دەزانێ هەمووی خەیاڵکردە. دام نا منیش دکتۆرم درۆی خۆشکەڵە دەکەمە پاڵپشتی دەرمان. دەمانەوێ نەخۆش ڕاهی بێ. چیرۆک بگونجێ».

دەستی برد تیلماسکێکی لە ترێیەکە قرتاند. یەک یەک و دوو دوو بۆڵووی دەخستنە زاریەوە. جگەرەیەکیشی بۆ داگیرساند. تامی ترێ و قەفی دووکەڵ دنیایەکی بچووکی ئارامی بۆ هەڵدەنا. بیری بەسەر نەرمان و مەزرادا دەکشی: «کاشکێ کێشەی ژیانیش وەک ئەم تامە خۆشە لە دەماراندا دەگەڕا، گرێوگاڵیش هەر هێندەی دووکەڵی فشەڵۆک خۆی دەگرت. لە هیچە موشکیلە بۆ یەکدی دەنێینەوە. قۆنتەراتی موشکیلەمان بەملەوەیە. گۆپاڵ و عەبا و پەستەک بۆچی تێک بهاوێن! چاوشێرکێ لەیەکدی بکەن. هێمنیی چەند بێئەرکە کەچی ئاژاوە ئاسانترە. شاهی نەقشبەند و گەیلانی بێنە، کاکەحمەدیشیان لەگەڵدا بێ بە ڕجاکار ناتوانن ئەم گۆپاڵە لە هەڕەشە بیەخن. یەک قەڵەم دە گۆپاڵی لێ ڕاست دەبێتەوە. قەڵەم هەیە خۆی دەکاتە گۆپاڵی تۆقاندن. دەبوو گۆپاڵ بە خۆیدا بشکێتەوە کەچی وەک عەلیشیش چەتر لێ دەدا. کەڵەشێرە و خۆی فش هەڵدێنێ». گورج بیری بۆ کەڵەشێرەکانی شەوی ڕابووردوو ڕۆیی چۆن دوو جاران بانگیان دا بەر لەوەی خەو بەلایدا بباتەوە، بیری کردەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی: «دوو جار بوو یان سێ جار؟ چەندێکی ئیمشەو گوێم لە جارێکیشی نەبووە».

یەکسەر دوای ئەم خەیاڵە گوێی لە شڵپەی پلووسک و ڕمبەی باران بوو: «کەی دەنگی کەڵەشێری ناو کۆڵیت لەم هەرایە بڕ دەکا؟ ماڵەکەشمان کەڵەشێری نییە لەبەر نێزیکی بیبیسین. هەر کۆترەمان هەیە».

سەیرێکی سەعاتی کرد. درەنگ بووبوو دەتگوت هەستکردن بە درەنگی شەو دەمارەکانی خاوکردنەوە. باوەشکێکی بەش هەردوو شەویلەی وەک دەرابەی دووکان داپچڕی... ڕاست بۆوە بۆ لای دەستشۆر ڕۆیی. بە دەموچاوی تەڕەوە گەڕایەوە. ڕادیۆی بەگەڕ هێنا، قاهیرە و بەغدا بەدەنگ بوون... یەکیان لە باسی قادسییەدا بوو ئەوی دیکەش گەشتێکی بەرەو ژاپۆنی دەگێڕایەوە. «ماڵیان ئاوا بێ شەونخوونی دەکەن بۆ ئەوانەی کەمخەون، نەخۆش یان لە مەراقدان». میلی گێڕا. شەپۆلگۆڕیی کرد بەسەر هیچ ئیستگەیەکەوە نەوەستا و ڕادیۆی کوژاندەوە. باران لەبەر گوێی بەدەنگ هاتەوە.

هەقە پەڵەیە، قەندیل سێ کراسەی بەفری لەبەر کردووە. چەند دەگەشاینەوە کە هەوەڵ جار ترۆپکی سەرەکانی بۆز دەبوون. لێرەوە دیارە بەڵام هەتا بەتەواوی سپی نەبێ دەرناکەوێ. لەبەر دووری چاو تێی بڕناکا. خۆ تۆزیش نارەوێتەوە مەگەر باران بیمرێنێ. هێی هێی چەرخی زەمانە چ سەروبنێک بەو خەڵقە دەکەی، خۆڕایی نەبوو پێشینان پێیان دەگوتی چەرخی چەپگەرد. ئۆباڵی خۆیانیان لە ئەستۆی تۆ دەبەست. کوڕە بێدەسەڵاتیی خۆمانە دەیکەینەوە بە دەسەڵاتی فەلەک دەنا فەلەک چی بەسەر چییەوە. خۆی هەیە هەتا دەسەڵاتی هەبێ؟

گۆپاڵبەدەست فەلەک ناردوویەتی؟ فەلەک عەبا و پەستەک و گۆپاڵی کۆکردوونەتەوە؟ تێکی بەستوون؟ برێکی بە ئۆتۆمۆبیل گرت؟ ئێستا دەڵێین هۆی مادی دەمانبزێوێ. فەلەک بێ و مادە بێ ئێمە جارێ هەر بێدەسەڵاتین. خۆزی دەمزانی هێزی چەرخ و فەلەک بوو یان بڕیاری مادە بوو لەو بازاڕەدا سێرِسکانەی نابۆوە. ئەدی چی بوو منی کرد بە شایەدی چاو بەستراو؟ من بە ڕێکەوت گەشتمە دیار تەختەی سێرِسکانە، ترێ و شینایی دەخلێکیان نەبوو. لەوانە بوو زووتر یا درەنگتر بۆ ترێ و شینایی چووبامایە و هیچی بە عەبا و گۆپاڵم نەدیتانە. ڕێکەوت لە دەسەڵاتی فەلەک و دەسەڵاتی مادە بەدەرە مەگەر هەر خۆمان هەڵسووڕ و داسووڕێکی تێدا بکەین. تۆ بڵێی وەهابێ؟ هێزێکی دیکەی نهێنی نەبێ بەولای چەرخ و مادەوە دەست لەم جیهانە بوەشێنێ؟

منیش بەو حیسابە دەچمەوە ڕیزی عەبا و پەستەک و گۆپاڵ. هێزی نهێنی دەبێ لەو دەمەدا منی گەیاندبێتە بازاڕ. هەرماوە چیرۆکیشم بۆ بنووسێ، هێزی نهێنی بمباتە بازاڕ و بمکاتە شایەدی سێرِسکانە و چاویشم ببەستێتەوە؟ دواتر بە نووکە سووژن ئاگادارم بکاتەوە؟ ئەمەیە دەتبەمە سەر ئاو و ئاویشت نادەم. بەخوا بەم حیسابە ڕازی نیم. بەم دوعایە ناڵێم ئامین. فەرموو هێزی نهێنی چیرۆکم بۆ تەواو بکە یان چاوم تیژتر بکە تا بتوانم سێرِسکانەی ژێر پەردە بخوێنمەوە. پەردەی چی و چاوی تیژی چی، بەو عەزیمە چریسکەی سەعات و زنجیر و مەچەکی پەستەکدار نەبوایە هەر نەشدەهاتە بەرچاوم. کە دەستی درێژ کرد بۆ باینجانەکان قۆڵی سەعاتەکەی کەوتە بەر ڕووناکی. زنجیرەکەشی گەشایەوە. سەعاتی وەها چریسکەدارم نەدیتبوو بۆیە زەینی ڕاکێشام. دەتگوت پشکۆی ئاگرە.

ئێستا بە چاکی دێتەوە یادم، سەعاتەکەی لە دەستی ڕاستی کردبوو. وەها نەبایە ڕەنگ بوو نەیبینم چونکە لای ڕاستەی لە من بوو. کێ سەعات لە دەستی ڕاستی دەبەستێ؟ ئەم عادەتگۆڕییە بۆچی؟ بەڵکو کابرا چەپەوانە بێ؟ خەڵق سەعات لە دەستی چەپە دەکەن چونکە ئەرکی لەسەر نییە. دەستی ڕاستە هی ئیشە سەعاتی پێوە خۆش نییە، سەعاتەکەشی لە شکان نزیک دەبێ. ئەم کابرایە چەپەوانە نەبێ بێ زەوقە. بەڵام چ دادی من دەدا پەستەکلەبەرێک چەپەوانە بێ! دنیا پڕە لە هەموو شت ئینجا چ فایدە؟ تەیموور شەل بوو، ڕەزاشا کەچەڵ بوو. خەلیفەیەکی کۆن زاربێگەنی بوو. پەستەکلەبەر چەپەوانە بوو. چش تەنکە ڕدێنێکی ڕەشیشی بە لاشەویلانەوە بوو. شاڵڵا ئەمیشیان بۆ سمێڵ و برۆیەکانی بڵێین چی؟ سمێڵ ڕەنگە ساختە بێ ئەمما برۆ هەر بۆیاغ هەڵدەگرێ. بە زۆری برۆ ڕەشن مەگەر سوورکاڵێک برۆی زەرد بێ. ئەمیان گەنم ڕەنگ بوو... ئەگەر پێستی ڕووی ڕەنگ کردبێ دەبێ دەست و ملیشی هەروەها.

برژانگەکانی، مووی سەری نەخێر ئەم هەموو ماکیاجە کاری کردن نییە. کابرا چەپەوانەی گەنمرەنگ بوو.

دەستی بۆ قەڵەمەکەی برد و بیسمیللای لێ کرد و وەک سفتاحی خاوەن دووکان لە شێوەی تێبینی ئەمەی نووسی: کابرایەکی 35 ساڵی پەستەکلەبەر، چەپەوانەی گەنمرەنگ، سمێڵڕەشی بە تەنکە ڕدێنەوە. سەعاتی مەچەکی ڕاستەی وەکوو پشکۆی ئاگر چریسکایەوە. بە سەعاتەکەیدا دیار بوو چەپەوانەیە لە داهاتنەوە.

لەپڕ قەڵەمەکەی وەها هەڵبەزییەوە دەتگوت لە ترسان سڵەمییەوە. بە بزرکانی ڕوویدا دیاربوو فکرێکی تازە هەستی گەست. چاوی لە چووق نا و دەستی چەپەی بۆ نێوچەوانی برد. پشتی گەیاندە پاڵپشتی کورسییەکە. قەڵەم لەناو پەنجەکانی بە هەواوە حەپەسا:

خۆیەتی سوێندی لەسەر دەخۆم خۆیەتی. هەش بە سەرت حەمەی حاجی مراد ئەگەر ئەوەی بۆی دەچم ڕاست بێ. چۆن ڕاست نییە. لەبن چەرخی فەلەک یەک چەپەوانە هەیە لەو عومرە لەو شێوەیە. گۆپاڵدار پاسەوانی بوو. بە ئایەت سەرو دەمانچەیان لەبن جلکان شاردبۆوە. ئەمە زۆرابە و ڕاستان، چەپەوانە، چەپەوانەی ڕاستان، کوڕە مەرگەمووش. بۆ حەمەی فەقیر ڕاستە و چەپە فەرقی چییە؟ ئێستە چی بکەم چاکە؟ حەمە تەلەفۆنی نییە. بەم درەنگە و لێزمەیە سەیارە چەنگ ناکەوێ. بە پێیان بچم؟ لە خۆم ئەمین نیم. پۆلیس چی پێ بڵێم؟ نەخێر پۆلیس یەکجاری دەست نادا حەیای ئەو ماڵە دەچێ. ئەمەیە کونەمشک دەبێتە قەیسەری کەرکووکیش دەبێتە کونی دەرزی. باوکم هەڵستێنم پرسی پێ بکەم؟ بێ فایدەیە ئەو بێچارەیە چی پێ دەکرێ. هەر هێندەی منی لێ دەزانێ وەک منیشی پێ ناکرێ. بەو شەوەی تۆف و بەرەبەیان، تەنیا چارە ئەوەیە حەمە ئاگادار بکەمەوە، ئەگەر کار لە کار نەترازابێ. حەمەی بەدبەخت ژن لە دنیا قات بوو؟ کەس نەما چاوی تێ بڕیت گێلاس نەبێ؟ پارەی باوکت هەر بۆ ئەوە بوو دەردی سەری پێ بکڕیت؟ تف لە هەرچی پارەی دنیا هەیە ئێستە لەگەڵ ئەژدەهای چەپەوانە چۆناوچۆنی دەردەبەیت؟

بنگیوە هەبێ ئەم زۆرابەیە. خۆ من قەتم نەدیتبوو هەر بە بیستن ناسیوەتم بەڵام دیتنی بۆچی بوو؟ دنیا دەزانێ چۆن نفووراتیکە. کەس نییە نەیناسێ. منداڵی پێ ژیر دەکەنەوە. دەبوو لە دوازدە سوارەی مەریوان بێ. ئەو بەینە لە نزیک ئومەرمەندان دەورەی لێ درا. کەسی لەگەڵدا نەبوو خۆشی دەرباز کرد و دوو دەمانچەشی بەتاڵان برد، دوو کەسیشی لە ناحەزانی بەردانەوە. لێی فروسماوە نائەنگوێرێ کەللەی بەتاڵی خۆم! چۆن لەو دەمەی ناو بازاڕ کوێراییم داهات تازە سەد جاران دەست شکاندنەوە سووتووە جگەرەیەک ناهێنێ. حەمەی بەدبەخت، هەر دەڵێی بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا حەمە بەربەڵابێ ئەژدەهای چەپەوانە حەزی لە

گێلاس کرد. دەڵێن گێلاسیش دڵی بۆی دەچوو. کوێخا تۆفیقی باوکی بە مەسەلەکە ڕازی نەبوو. گۆیا گێژاوی زۆرابی لە کچەکەی دوور دەکردەوە. بەڵێ دەوڵەتپارێزیی کرد هات بۆ کەرکووک، دەک هاتنت بەخێر نەبێ. خێری چی و ترخێنەی چی. زۆراب تاعوون و سیلە لێ دەربازبوونی نییە.

کوێخای نەگبەتی! زۆراب کفری نەکرد کچەکەتی خۆش ویست. ئەدی خزمی خۆت نییە؟ دام نا تۆی بە خزمایەتی بەخشی، خاتری گێلاسیشی بۆ خستیتە پاڵ خزمایەتی، حەمە بۆ کوێ دەبەی؟ گێلاست بەشوودا یان مەرگ؟ حەزت لێ بوو بێوەژن بێ؟ یان عشقی پارەی مام مراد بووی؟ پیربۆزەکان واز لە قۆڕە خەیاڵی خۆیان ناهێنن، دەیکەنە تۆق دەیخەنە ئەستۆی ئەولادیانەوە. هەتا کەلەشیان نەبینی پاشگەز نابنەوە.

لە کورسییەکەی ڕاست بۆوە ڕۆیی بۆ لای هۆڵ. دڵی مێروولەی دەکرد بۆ حەمە. برادەری بوو، لەوەتەی هاتووەتە شار یەکدییان ناسیوە، حەمە کوڕێکی مەردە و لەسەرەخۆیە، تاقانەی باوکیەتی. لە منداڵییەوە ئۆگری فەرمانی بووە و قسەی نەشکاندووە. هەر باوکیشی گێلاسی بۆ دۆزییەوە. کە خوازبێنی کرا جارێ کەس نەیدەزانی زۆرابی بەدواوەبووە. گێلاسی وەها گەش و ژیر و بەرچاو، حەمەش هەڕەتی ژنهێنانیەتی، مەکتەبی تەواو کردووە و یاریدەی باوکی دەدا، باوکیشی کیسەی بۆ کردووەتەوە ئیتر چۆنی لێ ڕاوەستێ؟ کێ بووکی وەها نازداری چنگ دەکەوێ؟ دە ڕۆژێک دەبێ لە باوەخوند گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی حەمە. مستەفا ئەمانەی بە خەیاڵدا دەهات و تێیان دەگەیی و پێشیان ڕازی بوو بەڵام دڵی بە شتێک ئاوی نەدەخواردەوە. ئەم گێلاسە ژیرە بە وێڵ و تەرتیبە چۆن مەسەلەی زۆرابی لە حەمە نەگەیاند؟ زۆراب لەوانە نییە حیسابی بسڕێتەوە. گێلاسیش ئەمە دەزانێ، ئەگەر نەزانێ گێلاس نییە. لە ڕووم نەهات بڵێم حەمە گیان ئەمەم بۆ ڕوون بکەوە، خێزانت پێی نەگوتی پێشتر فڵانەکەس بەتەمای بووە؟

مەسەلەکە هی لەڕوودان نییە. نەگوتراوە و ناگوترێ. مادەی وەها ناسک هەتا سەر بە فەلاکەتەوە نەگەیەنێ قسەی لێوە ناکرێ. شەرم و شکۆ زاڵە بەسەر هۆش و بەرژەوەند. سەد مەسڵەحەتی گەورە لەبەر شەرم باسی ناکرێ و دەمرێ. ئەمەش هەروەها لاحەولە وەلا.

بەملا و بەولادا هامۆشۆیەکی بێ ئامانجی کرد و لە پەنجەرەی هۆڵەوە چاوێکی بڕییە تاریکایی دەرەوە. لە ڕەپەیڕا دیار بوو باران بە لێزمە دەباری. دانیشت، پەنجەی دەستەکانی تێک ترنجاندن و وەک کڵاو خستینە سەر ئەژنۆی. بێئۆقرەیی لێ دەتکایەوە، لە کەمەری بەپشتەوە دەتگوت کێلەقەبرە قیت وەستابوو.

هەردوو قاچی وەکوو دوو لوولەی ستوونی بەسەر زەوییەوە چەقی بوون. دوو قامکی بە دەوری یەکدیدا سووڕیان دەخوارد. چاوەکانیشی پەردەی ناو مێشکیان دەخوێندەوە. تارمایی خوێن و دەمانچە. بەخۆی نەبوو دەستی لەو تارماییە وەشاند و بەلاوەی نا. سەعاتی مەچەکی تریسکایەوە. خێرا سەیری کرد: «مەلا بانگی داوە لەبەر هاژەی باران گوێم لێی نەبووە. ئۆخەی هەر نەبێ بەیانە، شەو شریتپێچی کردبووم. سەعاتێکی دیکە نابا ڕووناک دادێت. تاکسیش پەیدا دەبن. سەرخەوێکی گورگانەی بۆ دەشکێنم هەرنەبێ نیو سەعاتێک بنووم کفتۆکۆی لەشم دادەکەوێ. ناچمە نوێنەوە نەکا خەوم تیر بێ، کەسیش نازانێ بەتالووکەم».

پەتوێکی بەخۆی دادا و لەسەر تەختێکی هۆڵ درێژ بوو. هەستی ئەوتۆی بە شەکەتی کرد نەتوانێ چی دی خەست بیر بکاتەوە لە موشکیلەی حەمە. بێ ئارامیی سواندبووی. هەر گەڵاڵەیەکی بە دڵدا تێدەپەڕی لە خۆوە دەڕما. دوو باوەشکی لەسەر یەکدی هاتنێ و هەستی تێکەڵ بە لێزمەی باران بوو. پڕووشکەکان پنۆک پنۆک بەسەر شەبەنگی سەرەتای خەویدا دەنیشتنەوە تاکوو «کاکە! کاکە»ی ئافتاو هێنایەوە دنیای پڕ هەستوخوست. لە پێشەوە زرەدەنگ و ڕەنگێکی بەدی کرد هیچ مەعنایان نەبوو. پەردەی خەو لەسەر هۆشی نیوەنووستووی هەڵستا ئینجا چوار دیوار بوونەوە بە هۆڵ، پلووسکیش پێوەندیی بە بارانەوە پەیدا کرد. ئافتاو، جارێ، لە چارچێوەی گەورەتر بوو، نەترنجابووە ناو سیناریۆی پاش هەڵدانەوەی پەردەی خەو.

«ها ئافتاو گیان چیتەوە؟».

«کاکە لە هۆڵی وا سارد و سڕ بە پەتوو سەرمات دەبێ. سەرلێفێکت بۆ بێنم یان دەچیتەوە ژووری خۆت؟».

«سەرلێفی پێ ناوێ وا تازە هەڵستام.»

سەعات حەفت بوو نەیدەزانی ڕۆژ هەڵاتووە یان ماویەتی. هەور و باران تەمی خۆیانیان بەسەر ڕووناکییدا هێنابوو.

«چایەت حازر کردووە؟».

«چایە حازرە، هێلکەت بۆ نەکوڵێنم؟».

تا هێلکە دەکوڵێ حەمە چی بەسەردێ؟

«هێلکە ناخۆم، خێرا ئیستیکانەیەکم چایە بگەیەنێ». دوای سێ دەقیقە چایەی گەیشتێ. بە پەلە خۆی تەیار کرد و مشەممای بەسەر جلکاندا هێنا و ملی نا بۆ دەرەوە. بەڕێوە ئافتاوی تێ گەیاند ئیشێکی هەیە وەخراندن هەڵناگرێ».

«زووش دێمەوە دڵت هیچ نەکا.»

جادە چۆڵوهۆڵ بوو. بەرەو ماڵی حەمە ڕۆیی «بەپێیان بیست دەقیقەیەکی دەوێ».
ملەچەرخێی لە جادە دەکرد بۆ تاکسی. زۆری نەبرد تاکسی پەیدا بوو.

«لێخوڕە بۆ ئەوبەر. کاکە گورج کە.»

هەندی چەند قومێک لە جگەرە بدەی گەیشتە گەڕەکی ماڵی حەمە. لە نزیک ماڵیانەوە دڵی پتری لێ دا. لەبەر دەرگایان تاکسیی وەستاند. چەند هەنگاوێک ڕۆیی و گەڕایەوە، پارەی دایە شۆفێر و بەڕێی کرد. هەمان دەرگە و دیوار و ڕیزە خانووی بەر لە چەند ڕۆژێک بوون کە لە سەردانی حەمە دیتبوونی. هەر بارانەکە ڕەنگێکی لێڵی لەو دیمەنە هەڵسووبوو. هەموو شتێک وەکو خۆی بوو.

«سا خودایە من بە سەهوو چووبێتم».

چووە ناو دەرگەکە. دوودڵ بوو. ئەو ناوە خەبەرێکی ڕانەدەگەیاند سەر بە بنیادەمەوە بنێ و حەمە و گێلاسی تێدا بەدەنگ بێن. سروشت لە وتووێژدا بوو بە زمانێک کە هەر خۆی تێی دەگا یان تێی ناگا. تەڕە زەماوەندی بۆخۆی دەگێڕا. گیانلەبەر دەوری لەو زەماوەندەدا نەبوو. «لە دەرگە بدەم یان ڕێ و ڕێ بگەڕێمەوە؟ چ بەو خەڵقە بڵێم؟ بۆچی وەها بەو شەستبارانە خۆم خانەبەدەر کردووە؟ جارێ کەس لە نوێن دەرنەچووە، جومعەیشە دایەرەی حکوومەت و قوتابخانەکان کەسیان بۆ نارِوا. جادە دەڵێی چۆڵی قلفەیە. بگەڕێمەوە؟ ئۆقرە ناگرم تا تێ دەگەم چ باسە».

ڕیزە خانووی سەر ئەو جادەیە بێ باخچە بوون، ژوورەوەیان وەک سندوقی داخراو بوون و چاو نەی دەدیتن. دەبوو دەرگا بکرێتەوە ئنجا پەردەی ئەو دیوی دەرگە وەکو زمانی نێوان دوو لێوی بەش دەرکەوێ. دەستی بۆ زیل برد بەخۆی گوت دەڵێم ئیشم بە حەمە هەیە و لێی بەپەلەم. پەنجەی پێوەنا و گوێی لە زڕەی بوو. تاوێک دوای دووهەم جار دەنگێک لە ژوورەوە گوتی کێیە؟ دەنگی حەمە بوو، هەرگیز ئەوەندە خۆش نەهاتبوو بەرگوێی.. خۆی پێ ناساند و چووە ژوورێ... حەمە خەواڵوو بوو. پێوەی دیاربوو شەوێکی ئارامی ڕابواردووە.

«فەرموو دانیشە با بچم سۆبەیەک بهێنم هەوای ساردە».

«سۆبەی پێ ناوێ کاکە حەمە، سەرمام نییە».

دانیشتن. حەمە بەدەنگ هات. بەدەنگ هات.

«بەو سبەینەی وەها تۆف خێرە ئیشاڵلا، خۆ هیچ نەقەوماوە»؟ وەزعی حەمە عادەتی بوو.

«شوکرێ هیچ نەقەوماوە، هەر ویستم بتبینم بۆ قسەیەکی هاکەزایی».

«ڕاوەستە کاکە مستەفا، با بەماڵەوە بڵێم بەرچایی حازرکەن. مەعیەن هیچت نەخواردووە».

«پیی ناوێ کاکە حەمە».

«چۆن پێی ناوێ. سەرت لە قەبرستان نەداوە».

پاکەتە جگەرە و کفریتی بۆ دانا و بەرەو لای ماڵێ ڕۆیی.

مستەفا تەنیا مایەوە. بەژوورەکەیدا نۆڕی، بزەیەکی هاتێ «ئەگەر چیرۆکنووسین هێنابامایە ئێرە دەبوو شێوەی ژوورەکە هەڵگرمەوە و ورد ورد وەسفی بکەم. ژەنگی شێلمانەکان و درزی دیوارەکانیش وێنەکێش بکەم. خانووی شەعبی، دەوڵەمەندێکی کەونە لادێیی وەکو حاجی مرادی تێدا بێ دەبێ هەر ئاوا بێ وەک هەیە. کۆنە تاقمێک و مافووری نیوداشت و تەپڵەکە جگەرەی هەرزان. پەردە پەنجەرەی تەنک و تەسک. دەشڵێن دەبێ چیرۆک وەکوو فیلمی سینەما و وێنەی سەر کاغەز هەموو وردیياتی تێدا دیار بێ. گۆیا چیرۆکیش هونەرێکە بە پێوانە و کێشانە. بوعدی دەروون و بوعدی کۆمەڵایەتی و نازانم چی و چی هەبێ. چیرۆکیان کردووە بە نوێژ، دەستوور و هەلومەرج و ڕوکن و ناوەڕۆک و سەد مسیبەتی خوای لێ دەوێ. ئەدی ئەو هەموو چیرۆکەی لە خۆوە بێ نووسەر و بێ هەلومەرج وەکوو دونبەڵان عارد دەقلێشنەوە و پەنجا زۆراب و حەفتا گێلاس و حەمە تێک دەئاڵێنن لە چییان کەمە؟ مانگێک خەریک بامایە گۆپاڵ و عەبا و پەستەکم بۆ خەلق نەدەکرا. کوڕە گوێ مەدە قسەی هەڵپاچراوی لەدەقدراو، ئازا بە بۆ خۆت شتێکی بەتام بنووسە». ڕەپەی پێی حاجی مراد و حەمە شریتەی فکری پچڕی و هاتنە ژوورەوە. حاجی بەخێرهاتنی کرد و کمێک دانیشت و بە بەهانەیەک ژوورەکەی بۆ بەجێ هێشتن. دەیزانی ئیشیان بە یەکدی هەیە. هێشتان سەرپێکی وتووێژیان خۆش نەکردبوو گێلاس بە سینیی بەرچاییەوە هاتە ژوورێ. بزەیەکی لەسەر لێوان بوو. لە نێو دەرگاوە «کاکە مستەفا بەخێربێ»ی بەرەو مێوان شلاندەوە و سینییەکەی لەسەر سێپایەک دانا. «بژیت گێلاس خان». دەرفەتی نەدا بگەڕێتەوە، بەقسە ڕای گرت: «وا بەم سبەینە بێ وەختە خەوم زڕاندی و ماندووشم کردی، شاڵلا دوێنێ مێوانی عەسرانە و شەوانە مەشغووڵیان نەکردبیت. تازەبووک سەربەمێوانن».

«ئەوەی ڕاستی بێ، کاک مستەفا، دوێنێ عەسر هەر پوور ئایشێی حاجی برایم سەری لێ داین. لە بازاڕ دەگەڕایەوە ڕێی کەوتە بەر ماڵی ئێمە سیلەی ڕوحمی بەجێ هێنا». «ها ها (مستەفا لەگەڵ خۆیدا گوتی) یەکسەر لە بازاڕەوە بۆ ئێرە»، ئنجا بە دەنگی بڵند: «دەسا خۆ من ئەم پوورە، پوورە کێ؟ پوورە ئایش ناناسم ئەمما ئەگەر پیازی بەزەنبیلەوە پێ بووبێ ئەوا ناسیم».

گێلاس نەختێک خێسەی لێ کرد: «ئنجا کەی خەڵق بە پیازی چی و زەنبیلە ناسراوەتەوە»؟

حەمە بەدەنگ هات: «ئێوە چ دەڵێن پیازی چی و زەنبیلەی چی؟ من پوور ئایشم نەدیت کەنگێن هات»؟ گێلاس توند خۆی گرتبۆوە بە دەنگێکی ئاسایی گوتی: «دوێنێ نیوەڕۆ هاتە ماڵمان، تۆ چووبوویتە دەرەوە هەر منیش دیتم مامۆژنم نووستبوو. ڕاستییەکەی ئەمانەتەکی منی لا بوو هێنایەوە». تیلاکی چاوی بڕیە مستەفا.

حەمە ویستی زیرەکی بنوێنێ گوتی:

«بازنە مارپێچییەکەی لێ وەرنەگرتبێت نموونەی لەسەر دروست بکا بۆ کچەکەی»؟
«شتێکە هەروا. خۆت دەزانی ئیشی ژنان چۆنە ئەوە نییە بۆ پیاوان باس بکرێ».

حەمە ڕووی لە مستەفا کرد: «تۆ ئەم پوور ئایشەت نەدیتووە. حاجی برایمیش هەر لەگەڵ ماڵی گێلاسدا هاتن بۆ کەرکووک، جارێ تازەن. پوورە ئایش شیریشی داوەتە گێلاس بە چاوی کچەکەی خۆی سەیری دەکا...».

مستەفا سەرێکی تەکاند و ڕووی لە گێلاس کردەوە و گوتی: «دوێنێ لە بازاڕ دیتم ئافرەتێکی عەبابەسەر زەنبیلەی لێ کەوت پیازەکانی بڵاوبوونەوە، کابرایەکی پەستەکلەبەر بۆی کۆکردنەوە. خۆیشی زەنبیلەی لێ کەوت و باینجانەکانی تێکەڵ بەو پیازانە بوون. ئەمما حەمەگیان کابرا سەعاتێکی لە دەستی ڕاستی بەستبوو ئاورینگی دێنا دەتگوت ئاڵتوونی بیستوچوارە».

گێلاس هەر ئەوندە بزڕکا کە چاوی سەرنجدەر تێی بگات. لێی ڕوون بوو دەمودووی مستەفا دۆستانەیە. دەستی بۆ بەر زاری برد گۆیا باوەشکی پێ دەشارێتەوە، ئنجا گوتی: «پوورئایش نەختێکی گێڕایەوە بۆم. باش بوو تەڕوتووشی نەبوو دەنا قوڕاوی دەبوون خۆی و پیازیشی. دەچم چایەتان بۆ دێنم».

مستەفا دەستی بە خۆراکەوە خەریک بوو، لە دڵیشدا مەسەلەکەی ئەم دیو ئەو دیو دەکرد. پێ دەچوو ئەو ترسەی تێدا نەبوو کە لێی تۆقیبوو. زۆرابی تێدایە بەڵام هەڕەشەکەر نییە. پوور ئایش خەریکی ماڵکاولیی گێلاس نابێ. گێلاسیش پێوەی دیارە ئاگاداری هەموو شتێکە.

«چی لە گێلاسم بیست هی ناوبژی و چارەسەرکردنە، ڕووە و خێرە. چ بە حەمە بڵێم؟ بۆچی هاتوو؟» لەگەڵ ئەم خەیاڵانەدا وەها ڕادەسایە خواردن و قسەی تێوەرێخی بەدوا یەکدیدا ڕێی بە حەمە نەدا بیر لە پرسیار بکاتەوە. جارێ هیچ وەڵامێکی بۆ ساز نەدرابوو.

«دەسستت خۆش بێ گێلاس بۆ هێلکەڕۆنی وەها بەتام "ئاشکرات ناکەم". ماستەکەتان هی کوێیە حەمەگیان؟ "دەڵێم بۆ قەرز هاتووم" لە یاروەلی بەپشتەوە ماستی چاکی لێ چنگ دەکەوێ! چۆن چۆن کاکە حەمە؟ گۆیا چیم لە دڵدا بێ؟ نە سەغڵەتم و نە هیچ».

گێلاس شیروچایەی هێنا بە شەکری زیادەوە:

«بە ئارەزووی خۆتان شیر لە چایە بکەن».

مستەفا ڕووی تێ کرد، پاروو لە دەستدا: «بژیت گێلاس خان. بەخوا هێلکەڕۆنەکەت فرتەنەیەکە بۆ خۆی. من خەریکی ئەم تامە خۆشەم حەمە وا دەزانێ بە هەڵپەم».

حەمە زمانی لە زاری گێڕا، ڕێی قسەی خۆش کرد و گوتی: مستەفا گیان دڵت گرێیەکی تێدایە.

«کاکە حەمە نەگرێیە و نە موشکیلە "درۆی بۆ ساز درابوو". ئێستا بۆت باس دەکەم چی هێناومی، گێلاسیش هەر خۆتی بۆ متمانە».

گێلاس خەریک بوو جێیان بهێڵێ بەڵام نیازەکەی بەتاڵ کردەوە و چەقی. پشتی لە پەنجەرە کرد، ڕووی بەرەو ژوورەوە. مستەفا نانەکەی بەزیاد کرد و فرێکی گەرم و گوڕی لە شیروچایەی هەڵماوی دا و گوتی: «ڕاستییەکەی هاتبووم بێگارێکت پێ بکەم (لە تیلاکی چاوەوە دەیدیت گێلاس ڕاوەستاوە) بەڵام هەر بەرێوە بووم ژێوان بوومەوە».

حەمە چاوی تێ بڕی، «بۆ ژێوان دەبیتەوە؟ نەکەی پێمدا ڕانەپەڕمووی؟ بڵێ بزانم بێگارەکە چییە؟»

«خۆت دەزانی، حەمە گیان پیاو چەندێکی لەگەڵ دۆست یەک ماڵ بێ کە هاتە سەر تەکلیفی پارە ترسی لێ دەنیشێ. بڕوات بێ بە شەرمەوە و لە ناچاری تەکلیف لە باوکم دەکەم بۆ پارە. (هەستی کرد گێلاس خاو دەبێتەوە). بەینێکە ئەم خرتە خرتەم لە دڵدایە،

شەرم دای دەگرتم هەتا ئیمشەو هەزار خەیاڵم کردەوە و هەزار جەوابی خۆمم دایەوە ئنجا بەتەواوی ترسم لە تەکلیفەکە شکا و وا».

«هەی بێقەزا بی مستەفا، بەینی ئێمە کەی شەرم و کۆمەکردن هەڵ دەگرێ خۆتی تێدا وەها هەناسەسوار بکەیت؟ دەسا بەم زەوادە پێویستم هەبێ شەرم ناکەم چاکەتەکەت لەبەر دادەکەنم».

«حەمەگیان منیش هەروەهام لەگەڵ تۆدا، بەڵام ئیشەکە هی بەینی من و تۆ نییە، هی بەینی باوکم و باوکتە. ئەمما گێلاس خان بڕوات ببێ من لەو کێشەیەدا شەو لەگەڵ خۆم فکرم دەکردنەوە، هەر ناوناوە یەک باینجان و پیازم دەهاتنەوە بیر، تا دوای مەلا بانگدان نەنووستم. سەعات حەوت کە ئافتاو لە هۆڵەکە بەخەبەری هێنام یەکسەر بۆی دەرچووم نەکا دوودڵی دام گریتەوە».

حەمە قسەی لێ وەرگرتەوە: «دە بڵێ مەسەلە چییە؟ تۆ هەر کوتەکوت بەدەوری نیازەکەتەوە دەکەی نوختەیەکت نەدرکاند».

«کاکە حەمە، مەسەلە ئەمەیە: باوکم بەتەمای شەراکەتێکە لەگەڵ حاجی سەلیمی بریندارئاغا، پارەی تەواوی نییە بە ڕیاش قەرز وەرناگرێ. گوتم بەڵکوو باوکت دەسقەرزێکی بداتێ».

حەمە قسەی پێ بڕیەوە:

«باوەڕناکەم باوکم نکووڵی لەو قەرزە بکات هەر ئەوەندەیە لە پارەکەی ئەمین بێ. خۆت دەزانی دەستەی پێش ئێمە نەختێک وەسواسن».

مستەفا چاوێکی لە گێلاس کرد و بە ڕاوێژی «بووکێ گوێت لێ بێ» گوتی: «قسەم ماوە. جارێ بە ڕێگەوە بووم ساردبوومەوە. لەبەر دەرگە دابەزیم خەریک بووم ڕێ و ڕێ بگەڕێمەوە. دەزانی کاکە حەمە، پیاو لەگەڵ خۆیدا لێک دەداتەوە و باوەڕێک دەهێنێ، دواتر کە ڕووبەڕووی خەلق خوا بوو شتێکی دیکە دەبینێ و قەناعەتی دەگۆڕێ».

«مستەفا گیان بۆ قەناعەت دەگۆڕیت خۆ...»

«بوەستە کاکە حەمە جارێ ماومە».

«هەر کە لەناو دەرگەتان ڕاوەستام و دەستم برد زیل لێ بدەم بەدڵمدا هات هەرچی لەگەڵ خۆمدا گوتبووم ڕەنگە بێبناوان بێ. کێ دەڵێ شەراکەت سەرەوخێرە. گێلاس خان! بنیادەم زۆر سەیرە. بە موویەک دڵی دەگۆڕێ. تەنیا دیتنی ئەو دەرگە و دیوارانەی وەها ئارام

بێدەنگ و بێنیاز بەندوباوی شەراکەت و خوولیاکانی شەوێی تێک پێچایەوە. دەتگوت کوڕەکەی بەر لە چارەگە سەعاتێک نیم. سەریشت دێشێنم گێلاس خان».

«بێقەزا بی کاکە مستەفا چۆن دڵت دێ، تۆ تاکە برامی».

«ئاخر گێلاس دەمەوێ فەلسەفە لێ بدەم. خۆت دەزانی بەدبەختی وەکوو من لە خوێندنەوەوە سەد خەیاڵ ڕووم لێ دەنێ، زۆریشیان سەر بە ئاکامی ناخۆشەوە دەنێن. ئەمما واش دەبێ لاپەڕەی کتێبێک پیاو ئامادە دەکا بۆ ڕووداوی بە سفتۆسۆ کەچی پەڕ هەڵدەداتەوە لەنکاو بەسەر خۆشیدا دەچێ. منیش ئەم سبەینەیە وەها بووم، بە دابەزینم لەبەر دەرگەتان چی بە شەو هەڵم نابوو لە خەیاڵات و شەراکەتی نێوان باوکم و حاجی سەلیم هەڵوەشایەوە. چوومە بارێکی دیکە».

گێلاس ڕووی مەیلەو سوور هەڵگەڕا، پشتەو ڕووناکی، ئنجا گوتی:

«کاکە مستەفا سەد جار بەخێر بێیت. مادەم دڵیشت حەسایەوە قیرسیا لەو زەحمەتیەی بەرباران و بێخەوییە، دیدەنی حەمەش بۆ تۆ ئەوەندە دەهێنێ. هی حەمە و تۆ و مامە مراد».

«ئامۆژنیشت نابینم بەداخەوە. بڕوات بێ بە باوکم نەگوتووە خەریکی شتێکی ئەوتۆییم. ئەرێ دەزانن حەز دەکەم ئەم پوورئایشە ببینم؟ من چوزانم خزمی گێلاسە... ؟»

گێلاس بەدەنگ هاتەوە: «هەر خزم! بڵێ دایکمە. ئەوەندەی شیر داومەتێ ناوناوە فڵان و فڵانیش دەبنە خوشک و برام چونکە ئەوانیش شیریان خواردووە. هەندێک پێشی باوەڕ ناکەن وا دەزانن دەیەوێ خەڵق لەیەکدی حەرام بکا بەناوی خوشک و برایەتی».

نەرمەپێکەنینێکی هاتێ و دیسان ڕووی سوور هەڵگەڕا. مستەفا گوتی: «لە ئێستاوە بەدایکی خۆمم قبووڵە. حەمەگیان بە باوکت بڵێ مستەفا سەفەری بەغدای هەبوو، لە ترسی چنگ نەکەوتنی سەیارەش وا بە زوویی لە ماڵەوە دەرچووە. هاتبوو بزانێ ئیشێکمان لە بەغدا هەیە نییە».

«تۆ یەکجاری وازت لە شەراکەتەکە هێنا»؟

«نەکەی کاکە حەمە لای باوکت باسی بکەیت. بە نەبووی دانێ. ئیتر بمبەخشن من دەڕۆم. دواتریش ئەگەر پێویست بوو دەڵێم سەیارەم چنگ نەکەوت چونکە فکری سەفەرم نییە».

مستەفا هەڵستا، حەمە و گێلاس تەکلیفی مانەوەیان کرد بۆ نیوەڕۆ. پێی گوتن ئافتاو دڵی لە خرتوپرت دایە نازانێ بۆچی وەها بێ وەخت دەرچووم.

«خوا بەزیادی کا نانی وەها بەتام. بەیانیتان باش».

هەردووکیان لەگەڵی چوون بۆ بەردەرگە تا عەرەبانەیەک پەیدا بوو. کاتێک گەیشتەوە ماڵێ سەعات 9 بوو. باران لە ڕێژنە کەوتبوو بەڵام تاڤگەی پلووسکەکان و شەقە جۆگەی شەقام و کۆڵانەکان هێشتان موژدەی پەڵەیەکی تێروپڕیان دەدا. دینارێکی دایە عەرەبانەچی.

ئافتاو بە دیتنی کاکی گەشایەوە. پێی گوت جارێ کەس هەڵنەستاوە. دەسا ئافتاو گیان باسی جوونە دەرەوەم مەکە لزوومی نییە.

«کاکە چایەم لێ خەلیس بوو، هێلکە کولاویشم لێ کۆن بوو ئەمما هەمووی».

«ئافتاوگیان لەو چایە خەلیسە ئیستیکانێکم بۆ بێنە».

دواتر چۆوە ژوورەکەی خۆی. بێخەوی و بێئۆقرەیی شەوی ڕابوردوو لەگەڵ گەشانەوەی ئەم بەیانییە وەها تێکەڵ بوون وەکوو قاوەی شەکرلی پێی جودا نەدەکرانەوە. هەر بەو خەیاڵە دەستەملانی خەوێکی خەست بوو. کاتێک دمەو عەسر خەبەری بۆوە دوا چۆڕاوکەی پلووسکی پاش باران بۆ چەند پەڵە هەورێکی بەرماوەی ڕەهێڵ کز کز دەگریا.

«...»